Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10230

# مۆرفیمەکانی دۆخ لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا

**رۆکان عەبدوڵا محەمەد،[1] سالم حەسەن عەزیز[2]**

1-بەشی زمانی کوردی،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی گەرمیان ،هەرێمی کوردستانی عێراق

2- بەشی زمانی کوردی،کۆلێجی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە ،هەرێمی کوردستانی عێراق

***Article Info***

Received: March, 2023

Revised: July, 2023

Accepted Auguste, 2023

***Keywords***

زاری سەروو، شێوەزاری هەورامی، حاڵەتی دۆخ، مۆرفیمی دۆخ، مۆرفیمی ڕەگەز، مۆرفیمی کۆ، ڕێککەوتن.

***Corresponding Author***

**rokanabdullah@garmian.edu.krd**

**Email:salm.aziz@uoh.edu.iq**

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناوی (مۆرفیمەکانی دۆخ لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا)یە، تیێدا تیشک خراوەتەسەر مۆرفیمەکانی دۆخ لە ڕووی فۆرم و شوێن و چۆنێتی دەرکەوتن و بەکارهێنانیان لەم زارو وشێوەزاردا، پێشتر باس لە مۆرفیمەکانی دۆخ لە زمانی کوردیدا کراوە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە بەشێوەیەکی وردو و بابەتیانە لە بابەتی دۆخ بدوێن و پەیوەندی مۆرفیمەکانی دۆخ و حاڵەتی ڕەگەز و حاڵەتی کۆ ڕوون بکەینەوە، هەروەها تایبەتی و خاڵی جیاوازی و لیکچوونی حاڵەتی دۆخ و مۆرفیمەکانی دۆخ لە هەر یەک لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا بخەینە پێش چاو لێیان بکۆڵینەوە، ئەو کەرستەیەی لەم توێژینەوەشەدا بەکارهاتووە ئاخاوتنی ئاسایی ئێستای خەڵکە لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا. ڕێبازی بەکارهاتووش لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وسفی بەراوردکارییە)یە، کە تێیدا تیشک خراوەتە سەر تایبەتمەندی ئیستایی حاڵەتی دۆخ و مۆرفیمەکانی دۆخ لە زاری سەروو و شێوزاری هەورامیدا. ناوڕۆکی توێژینەوەکەش لە چوار بەش و ئەنجامێک پێکهاتووە

بەشی یەکەم بە ناونیشانی(حاڵەتی دۆخ و مۆرفیمەکانی دۆخ لە زماندا)

بەشی دووەم بە ناونیشانی (مۆرفیمەکانی دۆخ لە زاری سەروودا)

بەشی سێیەم بە ناونیشانی (مۆرفیمەکانی دۆخ لە شێوەزاری هەورامیدا)

بەشی چوارەم بە ناونیشانی (بەراوردی ڕووی لێکچوون و جیاوازیی مۆرفیمەکانی دۆخ لە نێوان زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا).

## پێشەکی

زمانی کوردی لە چوار زاری سەرەکی و چەندین شێوەزار پێکهاتووە، باس کردن و بەراوردکردنی هەر بابەتێکی ڕێزمانی لەم زارو و شێوەزارانەدا لەلایەک تایبەتمەندی ئەم زارو و شێوەزارانەمان بۆ ئاشکرا دەکات، لەلایەکی ترەوە نزیکایەتی و لێکچوونی نێوانیانمان بۆ دەردەخات. بابەتی دۆخ و مۆرفیمەکانی دۆخیش یەکێکە لەو بابەتە ڕێزمانیانەی لە ڕوویەکەوە بە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان زارەکانی زمانی کوردی دادەدنرێت، بەوەی لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا نەماوە یان شوێنەواری ماوەتەوە، لە ڕووی ترەوە بە خاڵی هاوبەشی نێوان زاری سەروو و شێوەزاری هەورامی دادەنرێت لە مانەوەی دۆخ و مۆرفیمەکانی دۆخ لەم زارو و شێوەزارەدا. کەواتە بایەخدان بەم جۆرە توێژینەوانە نەک سوود بە ڕێزمانی زارەکان دەبەخشێت، بەڵکو بۆ پێشاندانی پەیوەندی نزیکی و دووری زارەکانی زمانی کوردییە و وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارەیە کە دەڵێت شێوەزاری هەورامی زمانێکی سەربەخۆیە یان سەر بە زمانی کوردییە؟ کە بێگومان کاری ئێمە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە بە بەڵگەی زانستی و کەرەستەی ڕێزمانی. حاڵەتی دۆخ لە زمانی کوردیدا لەلایەکەوە وابەستەیە بە جێکەوتە و ئەرکی کەرەستە سەرەکێکانی ڕستە (بکەر، بەرکار، کردار) و لەلایەکی ترەوە وابەستەیە بە تاک و کۆی ناو، یان نێر و مێ ناوەوە، بۆیە لە باسی بابەتی دۆخدا پێویستە ئەم دوولایەنە بەهەند وەربگرین، واتە یەکەم جێکەوتەی ناو لەڕستەدا دووەم تاک و کۆی ناو یان نێر و مێ ناو، چونکە جێکەوتەی ناوەکان ڕۆڵیان هەیە لە دەرکەوتن یان دەرنەکەوتنی مۆرفیمەکانی دۆخدا، هەروەها تاک و کۆی ناو یان ڕەگەزی ناو ڕۆڵیان هەیە لە جیاوازی شێوەی مۆرفیمەکاندا و لە ناوەڕۆکی باسەکەشدا ئەم حاڵەتە بە وردی ڕوونکراوەتەوە، یەکێکی تر لەو بابەتانەی پەیوەندی بە حاڵەتی دۆخەوە هەیە، ڕێککەوتنی نێوان کەرەستە سەرەکێکانی ڕستە و مۆرفیمەکانی دۆخە، کە لەم توێژینەوەیدا

هەوڵدراوە بەشێوەی هێلکاری ئەو پەیوەندییە ڕوون بکرێتەوە. خاڵێکی تر کە لەم توێژینەوەیدا هەوڵمانداوە وردتر لێیبکۆڵینەوە دەستنیشان کردنی مۆرفیمەکانی دۆخە بەدروستی و جیاکردنەوەی مۆرفیمەکانی ڕەگەزە لە مۆرفیمەکانی دۆخ لە هەندێ باردا بە تایبەتی لە شێوەزاری هەورامیدا، هەروەها بە چەند خاڵێکی بەراوردکاری تایبەتمەندی و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەم زار و و شێوەزارە لە بابەتی دۆخدا پیشان دراوە. لە کۆتاییشدا بەچەند ئەنجامێک توێژینەوەکەمان بەکۆتاهێناوە.

## ١) حاڵەتی دۆخ و مۆرفیمەکانی دۆخ لە زماندا:

### ١-١)زاراوە و چەمکی دۆخ لە زمانەکاندا:

زاراوەی دۆخ لە مێژووی زمانەوانیدا بۆ مەبەست و واتای جیاواز بەکارهاتووە، لە وشەی لاتینی (clause)ەوە وەرگیراوە، کە وەرگێڕراوی وشەی گریکی ( ptosis)ە، بەواتای (fall)دێت، کە ئەرستوتالیس بۆ جیاکردنەوەی ناو لە کردار بەکاری هێناوە.(ئەحمەد، ٢٠٠٦: ١٧)پێشتر لە ڕێزمانی تەقلیدیدا، دۆخ وا باسکراوە، کە بۆ نیشاندانی شیوەی گەردانکردن بێت، بەڵام ئیستا زاراوەی دۆخ ئاماژە بۆ ئەو ئەرکە سینتاکسییانە دەکات، کە فرێزە ناوییەکان جێبەجێی دەکەن. (حسەین، ٢٠٠٩: ٧٨)، ئەگەر دۆخ, ئەوە بێت کە لای ئەوروپپیەکان بە (case) و لای عەربەکان بە (اعراب) ناوی لێ دەنێن, ئەوە لەم ڕوانگەیەوە دۆخ بریتی دەبێت لەو گۆڕانکارییانەی، بەهۆی ئەرکی ناو لە ڕستەدا لە کۆتاییەکەیدا دادەنرێت. (باتینی، ١٩٩٣: ٦١-٦٢).
دیاردەی دۆخ دیاردەیەکی ڕێزمانییەو لە بەشێکی زۆری زمانەکانی جیهاندا بوونی هەیە، بەڵام گۆڕانە زمانییەکان بەو ئاراستەیە دەڕۆن دۆخ کەم بکەنەوە یان بەرەو نەمانی ببەن، زۆربەی زمانەکان لە قۆناغەکانی کۆنیاندا ژمارەی دۆخی ڕێزمانییان لە ئێستادا زۆرتر بووە.(توفیق،٢٠٢٠: ١٠٥) زمانەکانی جیهانیش لە ڕووی پێشاندانی حاڵەتەکانی دۆخەوە جیاوازن، ((زمانی فنلەندی Finish (١٥) حاڵەتی هەیە، رووسی (٦) ی هەیە، لە ئینگلیزیدا (٣) هەیە ئەویش تەنیا لە ڕاناودا)).( ئەمین،٢٠٠٤: ١٦١). "هەر زمانێك پێرەوێكی دۆخیی تایبەت بە خۆی هەیەو لە هەندێکیاندا دۆخ لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دەردەکەوێت، وە لە هەندێکی تریاندا دەرناکەوێت." (حسەین، ٢٠٠٩: ٧٨-٧٩).
چەمکی دۆخ و دیاریکردنی دۆخ بەپێی زمانەکان جیاوازە و بۆچوونی جیاوازیشیان لەبارەوە خراوەتە ڕوو، بەوێنە فیلمۆر لە ڕوانگەی ئەرک و واتاوە دەڕوانێتە دۆخ و زیاتر لە دە جۆر دۆخ دیاری دەکات:(دۆخی کارا، دۆخی ئامێر، دۆخی کارتێکراو، دۆخی هەواڵدان، دۆخی باس، دۆخی شوێن، دۆخی ئامانج، دۆخی سەرچاوە، دۆخی کات، ...تاد.)(سەعید، ٢٠٠٩: ١٩-٣١).
لە هەندێک زماندا دۆخ ئەبەسترێتەوە بە(دەور)ی وشەوە لە ڕستەدا. بۆ نموونە لە زمانی عەربیدا ئەگەر ناو دەوری بکەری(فاعلی) بینی لە حاڵەتی مەرفووعیدا Agentive دەبێ، کە نیشانەکەی (الضمة)یە. گەر ناوەکە لە دەوری بەرکار (مفعوول)یدابوو، ئەوە لە دۆخی مەنصووبیدا Objective دەبێ و نیشانەکەی (الفتحة)یە.( ئەمین ، ٢٠٠٤: ١٦١)واتە لە زمانی عەرەبیدا دۆخ جێکەوتە و ئەرکی وشەیە لە ناو ڕستەدا، نیشانەکانی دۆخیش، ئەو نیشانانەن کە دەچنە کۆتایی وشەکانە بۆ دیاری کردنی ئەرکی ئەو وشانە لە ناو ڕستەدا، چونکە بە گۆڕینی جێکەوتەی وشەکان ئەرک و نیشانەکانیشیان دەگۆڕێن. بڕوانە:(١/ا،ب)

١/ ا- حَضَرَ أحمدُ درسَه.
أحمد – ئەرکی بکەرەو نیشانەکەی (الضمة)یە

ب- رأيتُ أحمدَ بينَ الحاضرينَ.
أحمد– ئەرکی بەرکارەو نیشانەکەی (الفتحة)یە

بەڵام مۆرفیمەکانی دۆخ لە زمانی کوردیدا دەوری وشەکانمان بۆ دیاری ناکەن و زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی بۆ نیشاندانی ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییانەی، کە لە نێوان کەرەستە سەرەکێکانی ڕستەدا هەیە پشت بە چۆنێتی ڕیزبوونی ئەو کەرەستانە دەبەستێت، لەزمانی کوردیدا جێکەوتەی کەرەستە سەرەکێکانی ڕستە (بکەر، بەرکار، کردار)چەسپاون و ریزبوونەکەیان بەم چەشنەیە (بکەر – بەرکار- کردار)، بەمەش لە ڕێگەی جێکەوتەی وشەکانەوە ئەرکی و دۆخی وشەکان دیاری دەکرێن، لە هەندێ ڕستەیشدا کاتێک جێکەوتەی وشەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەوە ئەرک و دۆخی ئەو کەرەستانەش دەگۆڕێن. بڕوانە: (٢/ا،ب)

٢/ا- ئارام ئازادی نارد. (ئارام– بکەرە و هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژی پێوە نییە، بەهۆی جێکەوتەکەیەوە دەیناسینەوە.)

ب- ئازاد ئارامی نارد. (ئارام – بەرکارەو هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژی پێوە نییە، بەهۆی جێکەوتەکەیە دەیناسینەوە.)

بەلای چۆمسکییەوە بنەمای پێدانی دۆخ پەیوەندییەکی پتەوی بە پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی دەسەڵاتدارییەوە هەیە.(چۆمسکی، ١٩٨٥: ٥٠-٥٢) مەودای کارکردنی دۆخ لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدایە، لەلایەن کەرەستەیەکی فەرهەنگییەوە بە فرێزێکی ناوی دەدرێت، ئەو کەرەستەیەش سەری ڕێزمانییە، دۆخیش لەلایەن ئەوکاتیگۆرییەوە بۆ ئەو فرێزە ناوییە دیاری دەکرێت، کە لە ڕستەدا حوکمی دەکات. (قادر، ٢٠٠٤: ٣٣). ١٥٥)لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا ڕۆڵی گرێ ناوییەکانی پێکهاتەی ڕستە دەخرێتەڕوو، لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، لە تێڕوانینی ورد بۆ پۆلە فراوانەکانی ناو، کردار، ئاوەڵناو، پێشناو، وەك بەشە ئاخاوتن، تەنها کردارو پێشناو هاوبەشن لە بەخشینی ڕۆڵی ڕێزمانی بە گرێ ناوییەکان.(قادر، ٢٠١٧: ١٣٨). بەپێی ئەم تیۆرە دۆخ لە زمانی کوردیدا تەنیا دۆخی ناراستەوخۆ دەگرێتەوە، کە پێک دێت لە دۆخی (بکەری، بەرکاری، بەرکاری نارستەوخۆ، دیارخەری)، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە مەبەست بێت باسکردنی دۆخ و مۆرفیمەکانی دۆخە لە هەموو دۆخەکانی(خستنەسەر، ناراستەوخۆ، بانگکردن)ە.

### ١-٢)حاڵەتی دۆخ لە زمانی کوردیدا:

((زمانەکانی جیهان بە نێو دوو پۆلی سەرەکی زمان دابەش دەبن، ئەمەش بە پێی چەندێتی هەبونی مۆرفیمە بەندەکان لە زمانەکەدا، زمانە لێکدراوەکانSynthetic Language، کە فۆرمی بەندییان زۆرە و زمانە شیکراوەکان Analytic Language، کە فۆرمی بەندییان کەمە، هەموو زمانەکان سەرەتا لێکدراوبوونە و دواتر بەرەو جۆری دووەم ڕۆشتوون،

واته بەرەو کەم بوونەو لەدەستدانی فۆرمە بەندەکان کە بەزۆری نیشانەی دۆخەکان دەگرێتەوە)). (قادر : ٢٠٠٩: ٧٣)
زمانی کوردیی دێرین خاوەنی سیستەمێکی دەوڵەمەندی دۆخ بوونە، بەڵام هەندێك لە شێوە زارەکانی بە درێژایی مێژوو سیمای دۆخی ناڕاستەوخۆیان لە دەست داوە، جگە لە شێوەزاری کرمانجیی سەروو و هەورامی کە مۆرکەکەیان پاراستووە.(سلیمان، ٢٠٠٧: ١٢٠- ١٢١)لە ئاستی سەرەوەی ڕستەدا پەیوەندی نێوان وشەکانی ڕستە بە چەند ڕێگەیەک نیشان دەدرێ، وەک: دانانی گیرەک و ڕیزکردنی وشە و ئاواز وشەی کارکەر، گەر سەرنجی زمانی کوردیش بدەین لە کۆن و نوێدا، ئەوە گیرەکەکان لە ئێستادا زۆر کەم بەکاردێن، بەراورد بە زمانی کوردی لە کۆندا، (سەعید،٢٠٠٩: ١٣) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زارو شێوەزارەکان بە ڕێژەی جیاواز پاشماوەی نیشانەکانی دۆخیان تێدا بەدی دەکرێ. بە وێنە لە زاری ناوەڕاستدا لە شێوەزاری سلێمانیدا پاشماوەی مۆرفۆلۆژی دۆخ زۆر بەکەمی ماوەتەوە، بەڵام لە شێوەزاری هەولێرو ڕەواندوز و موکریاندا کە هەر سەر بە زاری ناوەڕاستە،پاشماوەی دۆخەکە زۆرتر ماوەتەوە لە هەندێ جێکەوتەی ڕستەدا نیشانەی مۆرفۆلۆژییەکەی دەبینرێت، وەک: (من نانی دەخۆم.).(بڕوانە: ١- مارف، ١٩٧٩، ١٦٧، ٢- قادر: ٢٠٠٩: ٩٦)، بەڵام لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا ژمارەیەك لەو دۆخانە، بە تایبەتی (بکەری و بەرکاری)پەیوەست بە جۆری کردار لە ڕووی کات و هێزەوە، لە هەندێك باردا دەبن بە مۆرفیم و بە فۆنەتیکی دەبیسترێن لە زاری سەروودا بۆ نێر (-ی ) بۆ مێ (ێ) بۆ کۆی هەردووکیان (-ان)ە، لە شێوەزاری هەورامیشدا( /ی/ بۆ نێر /ێ/ بۆ مێ، /ا/)بۆ کۆی هەردوکیان. (محەمەد، ١٩٩٨: ٩٥)

## ١-٣)مۆرفیمەکانی دۆخ:

مۆرفیمەکانی دۆخ بەشێکن لەو مۆرفیمانەی کە ئاماژە و واتای سینتاکسی دەبەخشن. واتە لەو مۆرفیمانەن، کە گوزارشت لە کۆمەڵێک مانای سینتاکی دەکەن وەک ڕەگەز (نێر:مێ – نێر: مێ : بێلایەن)، ژمارە (تاک: دووانەیی (مثنی): کۆ- تاک: کۆ)، کەس، (قسەکەر ، قسەبۆ کراو، ئامادە نەبوو (غائب)...تاد)، تاقی کردار(ڕابردوو: ئێستا: داهاتوو...تاد) و خاوەنێتی ( خستنەسەرو و شوێن کەوتن) تاد. ئەم مانایانەو هاوشێوەکانیان بە لقە سینتاکسییەکان ناو دەبرێن، ئەمانەش بەپێی جیاوازی زمانەکان لە ڕووی ژمارەو شێوەوە جیاواز و جۆراجۆرن، (السعران، ٢٠٠٨: ٢٣٢-٢٣٣) ئەرکیان ئاماژەکردنە بە پەیوەندییەکانی وشە لە چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا.(Crystal، 1992: 187)

لە زۆربەی زمانەکانیشدا حاڵەتی دۆخ بەهۆی مۆرفیمەوە لە چوارچێوەی ڕستەدا دەنوێنرێت، هەر بۆیە زۆرجار ئەو مۆرفیمانە بە مۆرفیمی سینتاکسی ناو دەبرێن. واتە مۆرفیمەکانی دۆخ ئەو مۆرفیمانەن کە لەسەر کەرەستە سەرەکێکانی ڕستە لەچەشنی فۆرمێکدا دەردەکەون و ڕەگەزی نێرومێ یان کۆی ناو یان جێناومان بۆ دەستنیشان دەکەن و دەچنە خانەی مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕ (ڕێزمانی) یەوە ، چونکە تەنیا حاڵەتی ڕێزمانی وشەکان دەگۆڕن نەک واتای وشەکان. سەبارەت بە سوودو گرنگی مۆرفیمەکانی دۆخ لە زماندا، ئەوە دیاری کردن و ناسینەوەی دۆخە ڕێزمانییەکانی (بکەرو بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ ...تاد)، و بەدیار خستنی ڕەگەز و تاک و کۆی ناوە لە زمانەکاندا، بە وێنە لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی مۆرفیمەکانی دۆخەوە دۆخی بکەری و بەرکاری ناوەکان دەناسرێنەوە. بڕوانە: (١/ا،ب)، ڕاستە مۆرفیمەکانی دۆخ لە زمانی کوردیدا جێکەوتەی بکەرو و بەرکارمان بۆ دیاری ناکەن و بکەر و بەرکار لەیەک جیاناکەنەوە، بەڵام مۆرفیمەکانی دۆخ لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیی زمانی کوردیدا لە هەر یەکێک لە دۆخەکاندا کەرەستەیەک یان حاڵەتێکمان بۆ دەستنیشان دەکەن، بە وێنە لە دۆخی خستنەسەردا ناوی دیارخراو دەستنیشان دەکەن، هەروەها بەهۆی جیاواری جۆری مۆرفیمەکانەوە لەسەر ناوی دیارخراو و دیارخەرەوە ناوی دیارخەر لە ناوی دیارخراو جیا دەکەنەوە. وەک(وی کچا شیرینێ بر.) لە دۆخی بانگکردندا ناوی بانگکراو دیاری دەکەن. (کوڕۆ بنفیسە.) لە دۆخی ناڕاستەوخۆیشدا پەیوەندی بکەر و کردار و بەرکار و کردارمان بۆ ڕوون دەکەنەوە و جۆری کردار دەستنیشان دەکەن، بە وێنە گەر بکەر مۆرفیمی دۆخی وەرگرت، ئەوە کردارەکەی ڕابردووی تێپەڕە نەک ڕابردووی تێنەپەڕ یان ڕانەبردوو، وەک (ئارامی نان خار.) بەڵام گەر بەرکار مۆرفیمی دۆخی وەرگرت، ئەوە کردارەکەی ڕانەبردووە. وەک(ئەز ئازادی دبەم.) لە پاڵ ئەمەشدا جۆری ڕەگەز و تاک و کۆی ناوەکانیش دیاریدەکەن. بڕوانە: (٣/ا،ب، ت)

٣/ا-دەفتەرا ئازادی
ب چاڤێ شیرینێ
ت-کوڕێن/کچێن ئازادی

لەم فرێزانەی سەرەوەدا بەهۆی مۆرفیمەکانی دۆخەوە دەزانرێت، کە ناوی (دەفتەر) مێیە و ناوی (چاڤ) نێرە، هەرچی ناوی (کوڕ، کچ)ە ناوی کۆن، لە پاڵ ئەمانەشدا لە شێوەزاری هەورامیشدا بەشە ئاخاوتنی (کەتیگۆری)وشەکانیشمان لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا بۆ دەستنیشان دەکات. بڕوانە: (٤/ا،ب)

٤/ا-کوڕو ئازادی
ب-کوڕی زیرەک

لە فرێزی (٤/ا)دا بەهۆی مۆرفیمی (و)ی دۆخی خستنەسەر لەسەر ناوی دیارخراو(کوڕ) دەزانین دیارخەر بەشە ئاخاوتنی ناوە، لە فرێزی (٤/ب)دا بەهۆی مۆرفیمی دۆخی خستنەسەری (ی)وە، دەزانرێت کە دیارخەر بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوە، چونکە هەمیشە لەم دۆخەدا گەر دیارخەر ناو بێت، ئەوە مۆرفیمی خستنەسەر(و – بۆ نێر، ۆ- بۆ مێ) دادەنرێت، بەڵام گەر دیارخەر ئاوەڵناو بوو، ئەوە مۆرفیمی خستنەسەر(ی- بۆ نێر، ێ- بۆ مێ) دادەنرێت بە مەرجێک ناوی دیارخراو نەناسراو بێت. مۆرفیمەکانی دۆخیش بەشیوەیەکی گشتی پەیوەندییان بە حاڵەتی ڕەگەز و حاڵەتی کۆوە هەیە لە زمانی کوردیدا.

## ١-٣-١)مۆرفیمەکانی دۆخ و حاڵەتی ڕەگەز:

ڕەگەز یەکێکە لە پۆلە سینتاکسییە گرنگەکان، کە هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە لە زۆربەی زمانەکاندا دەرکەوتنێکی دیاری هەبووە: بۆ وێنە بەکارهێنانی ئەو نیشانانەی ئاماژە بەوە

دەدەن، کە ئەم ناوە جیاوازە لەویتر لە ڕووی ڕەگەزەوە، بابەتێك بووە هەر لە کۆنەوە جێی بایەخ و گرنگی زمانەوانەکان بووە. هەندێك جاریش ڕەگەز تاکە جیاکەرەوەیە لە نێوان ئەو جووت وشانەی لە ڕووی واتاوە جیاوازن و لە ڕووی دەنگەوە هاوشێوەن. بێگومان ڕەگەزی زمانی لەسەر لۆجیکێکی تایبەتی دەڕوات بەمانای ئەوەی ڕەگەزی زمانی لە گەڵ ڕەگەز لە واقیعی سروشتیدا یەك ناگرێتەوە، ئەوە زاراوەیە، کە هەوا بە نێرو ئاسمان و زەوی بە مێ دادەنێت لە زمانی عەرەبیدا. (السعران، ٢٠٠٨: ٢٣٢-٢٣٣). زمانەکانی جیهان لە دیاری کردن و دابەش کردنی ڕەگەزی نێرومێی ناوەکاندا چوون یەک نیین، گەر ڕەگەزی نێرومێی سروشتی لە بابەتەکە دوور بخەینەوە، ئەوە دەبینین هیچ پەیوەندییەکی لۆجیکی و هۆشەکی لە نێوان ناو و جۆری ڕەگەزەکەیدا بەدی ناکرێت، واتە هیچ هۆکارێکی لۆجیکی نییە کە بۆ نموونە بۆچی (ترێ) نێرە و (خەیار) مێیە لە زاری سەرروودا، یان بۆچی ناوێک لە زمانێکدا مێیە،بەڵام لە زمانێکی تردا نێرە، بۆ نموونە (خۆر) لە زمانی عەرەبیدا مێیە، بەڵام لە زمانی فەرەنسیدا نێرە، بە پێچەوانەوە (شەو) لە زمانی عەرەبیدا نێرە، بەڵام لە زمانی فەرەنسیدا مێیە، تەنانەت لە ناو زمانەکانی سەر بە یەک خێزانی زمانیشدا یاخود لە ناو زارەکانی زمانێکیشدا هەست بەو جیاوازییە دەکەین لە ڕووی ڕەگەزی ناوەکانەوە. بۆ نموونە (خەیار، هەنار) لە زاری سەرروودا مێن، بەڵام لە شێوەزاری هەورامیدا نێرن. وەک: (هەنارا شارەزووری – زاری سەروو)، (هەنارو شارەزووری- شێوەزاری هەورامی).

(فندریس) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە جیاکردنەوەی نێرو مێی ڕستەسازی (ڕێزمانی) لەسەر بنەمای شتێک لە هۆش(عەقڵ)بنیات نەنراوە، چونکە هیچ مرۆڤێک لە هەر کوێ بێت ناتوانێت بڵێت بۆچی لە زمانی فەرەنسیدا هەریەکە لەوشەکانی table (( مێز )) و chaise ((کورسی))و saliere ((خوێدان)) مێیە، لە کاتێکدا وشەکانی tableouret ((مێزی نانخواردن)) و fauteuil ((ڕیزەکورسی)) و succrie ((شەکردان)) نێرن. (فندریس، ١٢٧: ١٩٥٠) هەندێک جار ڕەگەز حاڵەتی نەگۆڕە، جا ئەو وشەیە چ بۆ ژن یان پیاو و یان بۆ ئاژەڵی نێر یان مێ بەکاربێت. بە وێنە لە زمانی فەرەنسیدا professeur (مامۆستا) هەمیشە نێرە بێ گوێدانە ئەوەی، کە ئەو کەسەی مامۆستایە ژن بێ یان پیاو. هەروەها وشەی souris (مشك) هەمیشە مێیە. (باتینی، ١٩٩٣: ٣٣-٣٤). (بلۆم فێڵد)پێی وایە ئەو دابەشکارییانەی ڕەگەز لەزۆربەی زمانە هێندۆئەوروپییەکاندا کراوە لە هیچ شتێکدا لە گەڵ جیهانی کارەکی و واقیعیدا یەک ناگرێتەوە.(Bloomfeild،1962 :271) پێویستە دان بەو راستییە هەستپێکراوەدا بنرێت، کە بیرۆکەی نێرو مێ بەچەشنێک تێکەڵ بە کۆمەڵی ڕەگەزی تر بووە، کە لەسەر هیچ بنەماو هۆکارێکی لۆجیکی و عەقڵی بنیاد نانرێت.(انیس، ، ١٩٨٧: ١٥٩).لەڕاستیدا ڕەگەزی مەجازی(ڕێزمانی) پەیوەستە بە دونیابینی و باری دەروونی ئاخێوەرانەوە، ئاراستەی چەمکسازییە لای کۆمەڵێک لە ئاخێوەران، هەروەها لەسەر بنەمای نەریت و زاراوەسازی چەسپاون. (الشریوفي، ٢٠٠١: ١٥٦).

مرۆڤ لە سەرەتادا بە (نیشانە) یان وشە جیاوازی لە نێوان نێرومێدا پیشان نەداوە، بەڵکو وشەیەکی دانابوو (نێرو مێ)یشی گرتوەتەوە. دوای تێپەڕبوونی کات مرۆڤ توانیوێتی درک بە جیاوازی ڕەگەز بکات و نێرو مێ لەیەکتر جیا بکاتەوە، لە بەرامبەر هەر وشەیەکی(نێر)دا وشەیەکی پێچەوانەی داناوە بۆ گەیاندنی واتای (مێ)، بەڵام لە ترسی ئەوەی ئەم ڕێگەیە ژمارەی وشەکانی فەرهەنگ زۆر زیاد دەکات و کارەکەی لێگران دەکات، پەنای بردووەتە بەر ئابووریکردنی زمانی بە بەکارهێنانی (نیشانە) بۆ جیاکردنەوەی ناوی (نێر) لە ناوی مێ، بەمەش شێوازێکی ئاسان و سەرکەوتووی لە جیاکردنەوەی نێرومێدا بۆ بەدەست هاتووە.( عمایرة، ٢٠٠٣: ٢٣-٢٤). ئەم نیشانانەش لە هەر زمانەو ژمارە و فۆرمیان جیاوازە.

لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا ناو سێ جنسی هەبوو: نێرو مێ و بێلایەن، بەوێنە لە زمانی ئاڤێستادا بەدوو ڕێگە ناوی نێرو ناوی بێلایەن لەگەڵ ناوی مێدا جیادەکەنەوە:(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مارف، ١٩٧٩ : ١٦٦)

ڕێگەی یەکەم: ناوی کۆتایی هاتوو بە نیشانەی (ا) بۆ ناوی مێ، ناوی کۆتایی هاتوو بە نیشانەی (ە) بۆ ناوی نێرو ناوی بێلایەن. وەک: (( ئەسپە (ئەسپ) - ناوی نێر و بێلایەن ، ئەسپا(ماین) - ناوی مێ)).

ڕێگەی دووەم: زیادکردنی نیشانەی(ی - i) بۆ سەر ناوی مێ بەرامبەر بە ناوی نێر و بێلایەن دەوستێ. وەک:((مەس (مەزن)- ناوی نێر و بێلایەن، (مەسی (مەزن)- ناوی مێ)).

لە نووسینی زمانی فەرەنسی ئەمڕۆیشدا ناوی جنسی مێ بە زیادکردنی (e) بۆ سەر ناوی نێر پەیدا دەبێ، وەک: (( un ami – هاوڕێی نێرینە)) ، ((un amie – هاوڕێی مێینە،لە زمانی فارسی ناوەڕاست و هەندێ زمانی نوێدا ڕەگەزەکانی ناو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ناو لە حاڵەتی ئاساییدا نیشانەی جیاکردنەوەیان پێوە نەماوە، تەنیا لە ڕستەدا دەبینرێن.(سەرچاوەی پێشوو :١٦٤-١٦٧).

لە زمانی کوردیشداو لە حاڵەتی ئاساییداو لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا وشەکان نیشانەی نێرومێیان پێوە نەماوە، تەنیا لە چوارچێوەی ڕستەدا بەدەردەکەون، ئەویش لە زارێکەوە بۆ زارێکی تر جیاوازە، بە نموونە لە زاری ناوەڕاستدا، نیشانەکانی ڕەگەز زۆر بەکەمی ماوەتەوە جگە لە هەندێ ناوچەی دیاریکراو وەک:(هەولێر، موکریان، سۆران، ڕواندوز،،،تاد.) و لە هەندێ شوێنی دیارکراوی ڕستەدا لەوانە: دۆخی ناڕاستەوخۆ و بانگکردن، بە وێنە (ی) نیشانە (مۆرفیم)ی دۆخی ناراستەخویە بۆ نێر، (ێ) نیشانەی دۆخی ناڕاستەوخۆیە بۆ مێ، لە دۆخی بانگکرنیشدا نیشانەی (ە) بۆ نێرە و نیشانەی (ێ) بۆ مێیە. لە زاری سەرروویشدا بەپێی دۆخە جیاوازەکان نیشانەکانی نێر بریتیین: لە (ێ، ی،ۆ)و نیشانەکانی مێش بریتیین: لە (ا، ێ)، لە شێوەزاری هەورامیشدا نیشانەی(و،ی)بۆ ڕەگەزی نێر، (ۆ، ێ ، ە)بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێن. مۆرفیمەکانی دۆخ و مۆرفیمەکانی ڕەگەز لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا لەو جێکەوتانەی کە مۆرفیمی دۆخیان تێدا بەکاردێت, هەمان مۆرفیمن و یەکسانن، بەڵام لەو جێکەوتانەی، کە مۆرفیمەکانی دۆخیان تێدا بەکار نایەت, مۆرفیمەکانی دۆخ و ڕەگەز لە زاری

سەروودا دەرناکەون و لە شێوەزاری هەورامیشدا مۆرفیمی دۆخ دەرناکەوێت و تەنیا مۆرفیمێکی جیاواز لە مۆرفیمی دۆخی رەگەز بۆ رەگەزی مێ بەکاردێت. لە باسەکانی دواتردا بە وردی لەم بابەتە دواوین.

### ۱-۳-۲)مۆرفیمەکانی دۆخ و حاڵەتی کۆ (ژمارە):

حاڵەتی کۆ بەراورد بە حاڵەتی رەگەز گرفتەکانی کەمترن لە رووی دیاریکردنەوە، واتە: جیاکردنەوەی تاک و کۆ بەراورد بە جیاکردنەوەی نێرو مێ تارادەیەک ئاسانترە، بەڵام جیاکردنەوەی ژمارەش لە سروشت و رێزماندا بە تەواوەتی چوون یەک نیین و هەندێک جار بەرامبەر یەک ناوەستنەوە. واتە لە نێوان راستەقینەی زمانی و راستەقینەی جیهانی دەرەوەدا جیاوازی هەیە. هەموو دابەشکردنێکی زمانی مەرج نییە، کە دابەشکردنێکی هاوواتای لە جیهانی دەرەوەدا هەبێت. لە جیهانی دەرەوەدا هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان یەک و زیاتر لە یەکدا نەکێشراوە. ئەوە تایبەتمەندی هەندێک لە زمانەکانە کە جیاوازی لە نێوان تاک و کۆدا دادەنێت ئەم جیاوازییەش واباوە لە نێوان یەک و زیاتر لە یەکدا دیاری بکرێت، ئەمەش راستەقینەیەکی زمانییە، کە رێژەییە، نەک راستەقینەیەکی فیزیکی. (باتینی، ۱۹۹۳ : ۳۲) هەر بۆیە لە رووی دابەشکردنی ژمارەوە لە نێوان زمانەکاندا جیاوازی بەدی دەکرێت، بە وێنە لە زمانانی هندۆئەوروپیدا، لەوانە زمانی ئینگلیزی شتەکان بەسەر تاک و کۆدا دابەش دەکات. تاک یەکەو، کۆش دوو بەرەو سەرەوەیە. لە زمانە سامییەکانیشدا لە ناویشیاندا زمانی عەرەبی وردتر لە بابەتی ژمارە دەڕوانێت و بەسەر سێ جۆردا دابەشی دەکات، تاک و دووانەیی(مثنی)و کۆ. (طلیمات،۲۰۰۷:۱۷۸). ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزی درکیان بە چەمکی دووانەیی(مثنی)نەکردبێت، بەڵکو ئەوەیە کە بابەتی ژمارە لەو زمانانەدا بە فۆرمی جیاواز گوزارشتی لێ دەکەن و لە زمانی ئینگلیزی ئێستادا نیشانەیەک نییە بۆ گەیاندنی چەمکی دووانەیی(زکریا،۱۹۸۳: ۱۹۰). لە زمانانی جیهاندا هەر یەکەیان شێوازو رێگەی تایبەتی بە خۆی هەیە لە گەیاندنی چەمکی ژمارەدا، هەیانە لە رێگەی دووپاتکردنەوەوە چەمکی کۆ دەگەیەنێت، هەشیانە لەرێگەی گۆڕینی ئاوازەوە ئەوکارە دەکات، هەشە لە رێگەی گۆڕینی دەنگی بزوێنی رەگی وشەوە حاڵەتی کۆ دێنێتە کایەوە ، یان لە رێگەی گۆڕینی دوا دەنگی وشە، یان لەرێگەی پێشگر یان، پاشگرەوە لە هەندێ زمانی تردا حاڵەتی کۆ سازدەکرێت. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مارف، ۱۹۷۹ :۱٤٤).

لە زمانی کوردیشدا لە رووی ژمارەوە وشە بەسەر تاک و کۆدا دابەش کراوەو لەرێگەی چەند نیشانە(مۆرفیم)ێکەوە، کە دەخرێتە کۆتایی وشەوە حاڵەتی کۆ بەدەست دێت. هەرچەندە (ان/ا)مۆرفیمی سەرەکی کۆیە لە زاری ناوەڕاست و زاری سەروودا و لە زاری باشوور و شێوەزاری هەورامیشدا بەکاردێت، بەڵام هەریەکە لە زاری باشوور و شێوەزاری هەورامی خاوەنی مۆرفیمی تایبەتی خۆیانن، بەوێنە (ەیل) مۆرفیمی سەرەکی کۆیە لە زاری باشووورداو (ێ)یش بە مۆرفیمی سەرەکی کۆ دادنرێت لە شێوەزاری هەورامیدا. هەروەکو حاڵەتی رەگەز مۆرفیمی دۆخ و مۆرفیمی کۆ لە حاڵەتی کۆدا لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا هەمان مۆرفیمن لەو جێکەوتانەی مۆرفیمی دۆخی تێدا دەردەکەوێت، بەڵام لەو جێکەوتانەی، کە مۆرفیمی دۆخ دەرناکەوێت، مۆرفیمی دۆخی کۆ لە زاری سەروودا دەرناکەوێت و لە شێوەزاری هەورامیشدا مۆرفیمێکی جیاوازتر لە مۆرفیمی کۆی دۆخ بۆ کۆ بەکاردێت.

## ۲)مۆرفیمەکانی دۆخ لە زاری سەروودا:

مانەوەی دۆخ و مۆرفیمەکانی دۆخ لە زاری سەروودا، یەکێکە لەو خاڵانەی لەلایەن زمانەوانەکانەوە بۆ بوونی رەسەنایەتی ئەم زارە و پارێزراوی زارەکە دەگەڕێننەوە، هەر لەم بارەیەوە ئەورەحمانی حاجی مارف پێی وایە مۆرفیمی دۆخی خستنەسەر بۆ مێ کە (ا)ە مۆرفیمی ئاسایی رەگەزی مێیە لە زمانی ئاوێستادا ماوەتەوە.(مارف، ۱۹۷۹: ۱٦۷). لەم دیالێکتەدا جنسەکانی ناو لە وەرگرتنی مۆرفیم بۆ نێر و مێ یاسایەکی رێکوپێکیان هەیەو لەرێگەی ئەم مۆرفیمانەوە ناوەکان لە یەکتر جیا دەکرێنەوە.(سەعید، ۲۰۰۹: ۱٤) ئەو دۆخانەش کە مۆرفیمی دۆخیان تێدا دەردەکەوێت ، بریتیین لە دۆخی خستنەسەرو ناراستەوخۆ و بانگکردن، لە هەریەکە لەم دۆخانەش مۆرفیمی تایبەت بە رەگەزی نێرو مێ و حاڵەتی کۆ بەکاردێت.

### ۱-۲)دۆخە رێزمانییەکان لە زاری سەروودا:

وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا دۆخە رێزمانییەکان لە دۆخەکانی خستنەسەرو ناراستەوخۆ و بانگکردن پێك دێن، کە لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر هەریەکەیان و جۆری ئەو مۆرفیمانەی ئاماژەی نێرو مێ و حاڵەتی کۆیان تێدا پێشان دەدەین.

### ۱-۱-۲) دۆخی خستنەسەر:

لەم دۆخەدا هەمیشە ناوێك دەبێتە سەرە(دیارخراو) لە پێکهاتەی فرێزە ناوییەکدا، ناوێك یان جێناوێك یان ئاوەڵناوێك دەبێتە دیارخەر بۆ دیارخراو، لە رووی واتایشەوە دیاری دەکات یان وەسفی دەکات. ناوی دیارخراو لەباری تاکێتیدا مۆرفیمی دۆخی خستنەسەر بۆ رەگەزی نێر، یان رەگەزی مێ وەردەگرێت، لەباری کۆشدا مۆرفیمی دۆخ بۆ کۆی هەردوو رەگەزەکە وەردەگرێت، لەم دۆخەدا دیارخەر ناو بێت، یان جێناو، یان ئاوەڵناو، ئەوە ناوی دیارخراو هەمان مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت، بەپێی رەگەز و و حاڵەتی تاک و کۆی ناوەکە، کە بریتییە لە (ێ) بۆ رەگەزی نێر (ا) بۆ رەگەزی مێ (ێن/ێد/ێت) بۆ کۆی نێرومێ. بڕوانە: خشتەی ژمارە(۱)

| ژ | فریز بۆ ناوی تاکی(نێرو مێ) | فریز بۆ ناوی کۆی (نێرومێ) | جۆری دیارخەر | شێوەی مۆرفیمی دۆخ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ۱ | کوڕێ/کچا ئازادی | کوڕێن/ کچێن ئازادی | ناو | ی-نێر /ێ- مێ/ ێن-کۆ |
| ۲ | کوڕێ/کچا وی | کوڕێن/ کچێن وی | جێناو | ی-نێر /ێ- مێ/ ێن-کۆ |
| ۳ | کوڕێ/کچا زیرەک | کوڕێن/کچێن زیرەک | ئاوەڵناو | ی-نێر /ێ- مێ/ ێن-کۆ |

خشتەی ژمارە(۱)

### ۲-۱-۲)دۆخی ناڕاستەوخۆ:

لە زاری سەروودا لە چەند جێکەوتەیەکی رستەدا، ناو بەپێی رەگەزی نێرو مێ یان تاك و کۆ مۆرفیمی دۆخی ناراستەوخۆ

وەردەگرێت. بۆ تاکی نێر (ی)، بۆ تاکی مێ (ێ)، بۆکۆی هەردوو ڕەگەزەکە (ان) وەردەگرێت. هەرچەندە بەپێی ناوچەی ئاخێوەران و جێکەوتەی ناوەکان لە ئاخاوتندا هەندێک جار (ا) لە بری (ان) بەکاردێت، تەنانەت لە زمانی ئەدەبی کوردانی ئەرمەنستان و رووسیادا تەنیا (ا)وەک مۆرفیمی کۆ بەکاردێت.(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:١-مارف، ١٩٧٩: ١٦٠ ، ٢-ئامێدی، ١٩٨٧:١٨٤-١٩٧). مۆرفیمەکانی دۆخ لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا لە پاڵ دیاریکردنی دۆخدا لە هەمان کاتدا دەرخەری چەمکی ڕەگەزی ناون لە تاکداو و دەرخەری چەمکی کۆی ناون لە کۆدا. واتە مۆرفیمی دۆخ یەکسانە بە مۆرفیمی ڕەگەز و مۆرفیمی کۆ. ناو لەو جێکەوتانەی لە خشتەی خوارەوەدا هاتوون بە پێی جۆری ڕەگەز و تاک و کۆ مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت. بڕوانە: خشتەی ژمارە(٢)

| ژ | جێکەوتەی ناو | ڕستەی بۆ ناوی تاکی(نێرومێ) | ڕستە بۆ ناوی کۆی(نێرومێ) |
|---|---|---|---|
| ١ | دۆخی بکەری ڕێزمانی (Nominative):<br>ا-دۆخی بکەری لە گەڵ کرداری ڕابردووی تێپەڕدا<br>ب-دۆخی بکەری لەگەڵ کرداری(ڤیان. هەبوون)دا<br>١ -کرداری ڕابردوو<br>٢-کرداری ڕانەبروو | ا-ئارامی/ شیرینێ ئازاد بر.<br>ب/<br>١-ئازادی/شیرینێ ڤیا/هەبوو.<br>٢-ئازادی/شرینێ دڤێت/دێهەبت. | ا-کوڕان/ کچان ئەم برین.<br>ب/<br>١-کوڕان/ کچان ڤیان.<br>٢-کوڕان/کچان دڤێتن/دێهەبن. |
| ٢ | دۆخی بەرکاری (Accusative) لە گەڵ کرداری ڕانەبردوودا | ٢-ئەز کوڕی/ کچێ دبەم. | ٢-ئازاد کوڕان/کچان دبەت. |
| ٣ | دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Dative):<br>ا-کرداری ڕابردوو<br>ب-کرداری ڕانەبردوو<br>پ-کرداری داخوازی | ا-من نامە ژبو ئازادی/شیرینێ هنارت.<br>ب-ئەز نانی ژبو ئازادی/شیرینێ دهنێرم.<br>پ- نامەی ژبو ئازادی/شیرینێ بنڤیسە. | ا-من نامە ژبو کوڕا/کچا هنارت.<br>ب-ئەم نانی ژبو کوڕا/کچا دهنێرین.<br>پ- نامەی ژبو کوڕا/کچا بنڤیسە. |
| ٤ | دۆخی دیارخەری (Genitive): | ٤ - دەفتەرا ئازادی / شیرینێ ببە. | ٤ - جلکا کوڕان/ کچان ببە. |

خشتەی ژمارە (٢)

لەو خشتەی سەرەوەداو لە ڕستەکانی (٤)دا هەر یەك لە ناوەکانی (ئازاد، شیرین، کوڕ، کچ) لەیەک کاتدا مۆرفیمی دۆخی خستنەسەرو و مۆرفیمی دۆخی ناڕاستەوخۆیشیان بەپێی ڕەگەزی نێرو مێ و کۆی ناوی دیارخراو و دیارخەر لەسەر دەرکەوتووە.

جگە لەو جێکەوتانەی سەرەوە ناو لە چەند جێکەوتێکی تری ڕستەدا مۆرفیمەکانی دۆخ وەرناگرێت، واتە نە لە باری تاکێتیدا مۆرفیمی دۆخ بۆ ڕەگەزی نێرو مێ وەردەگرێت و نە لە باری کۆشدا مۆرفیمی دۆخی کۆ وەردەگرێت، بە واتایەکی تر نە مۆرفیمی دۆخ و نە مۆرفیمی ڕەگەز و کۆش دەرناکەوێت. ئەم جێکەوتانە بە (دۆخی ڕاستەوخۆ)ش ناو دەبرێت. کە بریتین لە: ( ١-بکەری کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ ٢- بکەری کرداری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ ٣- بەرکاری کرداری ڕابردوو ٤- بکەری کرداری ناتەواو ٥- جێگەری بکەر). بڕوانە: خشتەی ژمارە (٣)

| ژ | جێکەوتەی ناو | ڕستە بۆ ناوی تاکی(نێرومێ) | ڕستە بۆ ناوی کۆی(نێرومێ) |
|---|---|---|---|
| ١ | بکەری کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ | ١-ئازاد/ شیرین هات. | ١-کوڕ/کچ هاتن. |
| ٢ | ا/بکەری کرداری ڕانەبردووی تێپەڕ<br>ب/بکەری کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕ | ا-ئازاد /شیرین وە دبەت.<br>ب-ئازاد /شیرین دکەڤن. | ا- کوڕ/کچ وە دبەن.<br>ب- کوڕ/کچ دنڤن. |
| ٣ | بەرکاری کرداری ڕابردوو | ٣-من ئارام/شیرین بر | ٣- من کوڕ/ کچ برن |
| ٤ | بکەری کرداری ناتەواو:<br>ا-ڕانەبردووی ئێستا<br>ب- ڕانەبردووی داهاتوو<br>پ- ڕابردوو | ا-کوڕ/کچ زیرەکە.<br>ب- کوڕ/کچ زیرەك دبت.<br>پ- کوڕ/ کچ زیرەك بوو. | ا-کوڕ/کچ زیرەکن.<br>ب-کوڕ/کچ زیرەك دبن.<br>پ-کوڕ/ کچ زیرەك بوون. |
| ٥ | جێگری بکەر | ٥- ئارام /شیرین هاتە هنارتن. | ٥-کوڕ/کچ هاتنە هنارتن. |

خشتەی ژمارە(٣)

**خشتەی ژمارە(٣)**

### ٢-١-٢-١)مۆرفیمی دۆخ و جێناوی کەسیی سەربەخۆ:

لەزاری سەروودا وەکو ئاشکرایە دوو دەستە جێناوی سەربەخۆمان هەیە، دەستەی یەکەم:(مـن، تە، وی/وێ، مە، وە، وان)، دەستەی دووەم:(ئەز، تـو، ئەو، ئەم، هـووین، ئەو)، کاتێک جێناوێکی سەربەخۆ لەبری ناوێک دابنرێت ، ئەوە تەنیا جێناوەکانی دەستەی یەکەم لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا دێن لە ناو جێناوەکانیشدا تەنیا جێناوی کەس سێیەم بۆ تاک و کۆ وەکو ناو مۆرفیمەکانی دۆخ وەردەگرێت (وی –تاکی نێر، وێ- تاکی مێ، وان - کۆی-نێرومێ)، چونکە تەنیا جێناوی کەسی سێیەم دەتوانێت وەکو ناو ڕەفتار بکات لە وەرگرتنی مۆرفیمە سینتاکسییەکاندا لە ناویشیاندا مۆرفیمەکانی دۆخ و ڕەگەز و کۆ ، بەڵام کاتێک جێناوێکی سەربەخۆ لە بری ناوێک لە دۆخی ڕاستەوخۆدا دادەنرێت، ئەوە جێناوەکە بەچەشنی ناوەکە مۆرفیمی دۆخی لەسەر دەرناکەوێت و بۆ تاکی نێرو مێ و کۆش، هەر جێناوی کەسی سێیەمی (ئەو) بەکاردێت. بڕوانە: خشتەی ژمارە(٤)

| ژ | جێکەوتەی جێناو | ڕستەی بۆ جێناوی تاکی(نێرومێ) | ڕستە بۆ جێناوی کۆ | جۆری دۆخ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بکەری کرداری ڕابردووی تێپەڕ | وی / وێ نان خار. | ١-وان نامە نڤیسی. | دۆخی ناڕاستەوخۆ |
| ٢ | بکەری کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ | ئەو هات. | ٢-ئەو هاتن. | دۆخیڕاستەوخۆ |

خشتەی ژمارە (٤)

### ٢-١-٣)دۆخی بانگکردن:

ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا هەر وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە، ئەو بارەیە کە ناو دەکەوێتە حاڵەتی بانگکردنەوە، لەم کاتەشدا ناو بەپێی جیاوازی ڕەگەزی نێرومێ و تاک و کۆ مۆرفیمی تایبەت بەم دۆخە وەردەگرێت، لە زاری سەرووشدا، ئەوە هەر وەکو دۆخەکانی تر مۆرفیمەکانی ئەم دۆخە تائێستایش لە کاردایە، کە ئەویش مۆرفیمی (ۆ) یە بۆ ڕەگەزی نێر و مۆرفیمی (ێ)یە بۆ ڕەگەزی مێ ، بۆ کۆی هەردوو ڕەگەزەکەش مۆرفیمی (ینۆ/نۆ)یە. (مارف، ١٩٧٩ : ١٨٥-١٨٦). بڕوانە:(٥/ا،ب).

ا/٥- کوڕۆ / کچێ وەرە.

ب-کوڕنۆ/کچنۆ وەرن.


### ٢-٢)مۆرفیمەکانی دۆخ و باری ڕێککەوتن لە زاری سەروودا:

زۆرجار وا ڕێکدەکەوێت، کە کەرەستەیەکی ڕێزمانی لە ئاستی سینتاکسدا لەگەڵ کەرەستەیەکی تری ڕێزمانیدا بەپێی


جێکەوتەکەیان لە وەرگرتن یان وەرنەگرتنی مۆرفیمەکانی دۆخدا ڕێک دەکەون، بە پێچەوانەوە هەندێک کەرەستەی ڕێزمانی لە هەندێک باری سینتاکسیدا لە وەرگرتنی مۆرفیمەکانی دۆخدا تەواو دژیەک دەوستن. لە زاری سەرووییشدا کەرەستە ڕێزمانییەکان لە دوو باردا لە وەرگرتن و وەرنەگرتنی مۆرفیمی دۆخدا دەبینرێن.ئەویش:

### ٢-٢-١) ڕێککەوتنی دیارخراو و دیارخەر لە مۆرفیمی دۆخدا:

لە زاری سەروودا ئامرازی ئاماژە (ئەڤ، ئەو) لەگەڵ ناوە ئاماژە بۆکراوەکەیدا لە وەرگرتن یان وەرنەگرتنی مۆرفیمی دۆخدا ڕێکدەکەوێت، واتە هەر کاتێک ناوە ئاماژە بۆکراوەکە کەوتە دۆخی ناڕاستەوخۆوە، ئەوە مۆرفیمی دۆخ بۆ ڕەگەزی نێر یان مێ، یان مۆرفیمی کۆی دۆخ وەردەگرێت و ئامرازی ئاماژەش هەمان مۆرفیم وەردەگرێت، بە پێچەوانەوە، ئەگەر ناوەکە هیچ مۆرفیمێکی وەرنەگرتبێت، ئەوە ئامرازی ئاماژەش هیچ مۆرفیمێک وەرناگرێت، چونکە ناوەکە لە دۆخی ڕاستەوخۆدایە.بڕوانە:هێڵکاری ژمارە(١، ٢)





جۆرێکی تری ڕێککەوتن ڕێککەوتنی نێوان ژمارە یان ڕادە و ناوی ژمێرراوە دیسان بەمەرجێک ناوەکە لە دۆخی نارستەوخۆدا بێت، هەرچەندە ڕێککەوتنی نێوان ژمارە یان وشەی ڕادە و ناوی ژمێرراو، بەتەواوەتی لە ڕووی وەرگرتنی مۆرفیمی دۆخەوە ڕێکناکەون، بەڵکو لە ڕووی واتاییەوە جۆرێك لە ڕێککەوتن لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، بەوەی لە گەڵ ژمارە (یەك)دا ناوەکە مۆرفیمی کۆ وەرناگرێت، بەڵام لەگەڵ ژمارە(یەك)بۆ سەرەوە مۆرفیمی کۆ وەردەگرێت. بڕوانە:خشتەی ژمارە (٣، ٤)




### ٢-٢-٢)مۆرفیمەکانی دۆخ و ڕێککەوتنی کەس و ژمارە:

لەبارەی مۆرفیمەکانی دۆخ و ڕێککەوتنی کەس و ژمارەی کەرەستە سەرەکێکانی ڕستە، لەم زارەدا ئەگەر ناو لە دۆخی (بکەر و بەرکار)دا لە کەس و ژمارەدا لە گەڵ کرداردا ڕێککەوت، ئەوە بەهیچ شێوەیەک مۆرفیمەکانی دۆخ وەرناگرێت، واتە دۆخ و ڕێککەوتن لە شوێنەکانیاندا پێچەوانەی یەکترن.(قادر،٢٠٠١: ١١)واتە، کاتێک ناو لە ناو ڕستەداو لە جێکەوتەی بکەردا مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت، ئەوە بەرکار مۆرفیمی دۆخ وەرناگرێت، بە پێچەوانەوە گەر بکەر مۆرفیمی دۆخ وەرنەگرێت، ئەوە بەرکار مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت. بڕوانە: هێڵکاری ژمارە (٥، ٦)




### ٣)مۆرفیمەکانی دۆخ لە شێوەزاری هەورامیدا:

شێوەزاری هەورامی وەك هەموو دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی، خاڵی هاوبەش لە بوارەکانی فۆنەتیك، فۆنۆلۆژی، لیکسیکۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا، دەیبەستێت بەوانی ترەوە، بەلام لەبەر سەختی ناوچەکەو کەمی تێکەڵ بوون لەگەڵ قسەکەرانی دیالێکتەکانی تر، وای کردووە تا ئەمڕۆ کۆمەڵێ دیاردەی زمانەوانی لە هەمووو ئاستەکاندا بەدی بکرێت. کە هی قوناغە دێرینەکانی کۆمەڵی زمانە ئێرانییەکانن، بە تایبەت سانسکریتی. (قادر،٢٠٠٢: ٧٦)مۆرفیمی دۆخ لە شێوە زاری هەورامیدا یەکێکە لەو خاڵانەی کە لە لایەن زمانەوانەکانەوە بۆ بوونی ڕەسەنایەتی و دەوڵەمەندی ئەم زارە و پارێزراوی دەگەڕێنەوە، جگە لە زاری سەروو هیچ زارێکی تری زمانی کوردی بە قەد زاری هەورامی حاڵەتی دۆخی تێدا نەماوەتەوە. ئەو دۆخانەش بریتیین لە دۆخی خستنەسەر، ناڕاستەوخۆ ، بانگکردن لە هەریەکە لەم دۆخانەش مۆرفیمی تایبەت بە ڕەگەزی نێرو مێ و حاڵەتی کۆ دەردەکەوێت.

### ٣-١)دۆخە ڕێزمانییەکان لە شێوەزاری هەورامیدا:

لە شێوەزاری هەورامیشدا مۆرفیمەکانی دۆخ لە دۆخەکانی خستنەسەر و ناڕاستەوخۆ و بانگکردندا بەدەردەکەون، کە لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر هەریەکەیان و جۆری ئەو مۆرفیمانەی ئاماژەی نێرو مێ و حاڵەتی کۆ پیشان دەدەن.

### ٣-١-١)دۆخی خستنەسەر:

لەم دۆخەدا هەمیشە ناوێك یان جێناوێك دەبێتە سەرە (دیارخراو) لە پێکهاتەی فرێزە ناوییەکەدا، ناوێك یان جێناوێك یان ئاوەڵناوێك دەبێتە دیارخەر بۆ دیارخراو، لە ڕووی واتایشەوە دیاری دەکات یان وەسفی دەکات. وەرگرتن یان وەرنەگرتنی مۆرفیمی دۆخ و جۆری مۆرفیمەکان بەپێی بارودۆخی فرێزەکە و جۆری دیارخەر دەگۆڕێت. بڕوانە: خشتەی ژمارە (٥)

| ژ | ناوی دیارخراو | فرێز بۆ ناوی تاکی (نێر و مێ) | فرێز بۆ ناوی کۆی (نێرو مێ) | جۆری دیارخەر | شێوەی مۆرفیمی دۆخ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەناسراو ناسراو | کوڕو / کناچۆ کاروانی کوڕەکو/کناچەکۆ کاروانی | کوڕێ /کناچێ کاروانی کوڕەکێ/کناچەکێ کاروانی | ناو | و- نێر/و -مێ/ ێ- کۆ |
| ٢ | نەناسراو ناسراو | کوڕو / کناچۆ ئاڎی کوڕەکو/کناچەکۆ ئاڎی | کوڕێ / کناچێ ئاڎی کوڕەکێ/کناچەکێ ئاڎی | جێناو | و- نێر/ۆ -مێ/ ێ- کۆ |
| ٣ | نەناسراو | کوڕی زیرەك کناچێ زیرەکە | کوڕێ /کناچێ زیرەکێ | ئاوەڵناو | ی-نێر/ ێ- مێ/ ێ- کۆ |
| ٤ | ناسراو | کوڕە شەرمنەکە کناچە شەرمنەکێ | کوڕە شەرمنەکا کناچە شەرمنەکا | ئاوەڵناوە | (Ø)- نێر و مێ/ ا- کۆ |

خشتەی ژمارە (٥)

لە فرێزەکانی ژمارە(٤)دا ناوە دیارخراوەکە ناسراوە و دیارخەرەکەی ئاوەڵناوە، وەک دیارە ناوەکە لە باری تاکێتیدا مۆرفیمی دۆخی خستنەسەر جیاوازی ڕەگەز پیشان نادات و بۆ ڕەگەزی نێر و مێ هەر (ە) دەبێت، چونکە ناو و ئاوەڵناوەکە

لە چەشـنی وشـەی لێکـدراودا دەربـڕاون, مـۆرفیمی دۆخ و مـۆرفیمی نـاسراوی دەچـنە کۆتـایی ئاوەڵنـاوەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی مـۆرفیمی نـاسراوی (ەکە – بـۆ نـێر ، ەکێ- بـۆ مێ) بەکاردێت و بە بزوێنی (ە، ێ) کۆتاییان هاتووە، بۆیە مۆرفیمی دۆخ بـۆ تـاکی نـێر و مێ دەرناکەوێـت و لە ڕێـگەی مـۆرفیمی ناسراوییەکەوە جیاوازی ڕەگەزی نێر و مێ بەدەردەکەوێت(ەکە – نـێر ، ەکێ- مێ)، بەڵام لە بـاری کـۆدا مـۆرفیمی دۆخی کـۆی ناوەکە، کە (ا)ە دەچێتە کۆتایی ئاوەڵناوەکەوە و دەردەکەوێت، پێـدەچێت ئەم حـاڵەتە لەم شـێوەزارەدا بەکـاریگەری زاری ناوەڕاست هاتبێتە کایەوە، یان بەدیوێکی تردا دەکرێت بە خاڵی هاوبەشی نێوانیان دابنێین.

### ٣-١-٢) دۆخی ناڕاستەوخۆ:

لە زاری هەورامیشدا لە چەند جێکەوتەیەکی ڕستەدا ، ناو بە پـێی ڕەگەزی نـێر و مێ، یـان تـاك وکـۆ، مـۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت. مۆرفیمەکانی دۆخ لە شـێوەزاری هەورامیـداو لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا هەر وەکو زاری سەروو لە پاڵ دیاریکردنی دۆخـدا لە هەمـان کاتـدا دەرخەری چەمـکی ڕەگەزی نـاون لە تاکداو و دەرخەری چەمکی کۆی ناون لە کۆدا. واتە مۆرفیمی دۆخ یەکسانە بە مۆرفیمی ڕەگەز و مۆرفیمی کۆ. مۆرفیمەکانی دۆخیش لەم شیوەزارەدا بۆ تاکی نێر(ی)، بۆ تاکی مێ (ێ) بۆ کـۆی هەردوو ڕەگەزەکەش مـۆرفیمی (ا)وەردەگرێـت. نـاو لەم جێکەوتـانەی خـوارەوەدا مـۆرفیمی دۆخ وەردەگرێـت. بـڕوانە: خشتەی ژمارە (٦).

١-دۆخی بـــکەری ڕێزمـــانی (Nominative):لە شـــێوەزاری هەورامیـــدا نـــاو لە دۆخی بـــکەری ڕێزمانیـــدا لە گەڵ کـــرداری ڕابـــردووی تێـــپەڕدا لە بنەڕەتـــدا مـــۆرفیمی دۆخ وەرناگرێـــت و بەزۆری تەنیا مۆرفیمی ڕەگەز بۆ مێ (ە) و مۆرفیمی کۆش (ێ) وەردەگرێت و مۆرفیمی نێریش بەدەرناکەوێت، چونکە ناو لە دۆخی بکەریـــدا لە گەڵ بەرکـــاردا لە کەس و ژمـــارەدا ڕێـــک دەکەوێت، بەواتایەکی تر بکەر جێناوی لکاو دەبەخشـێت بە بەرکار (یاسا گشتییەکە ئەوەیە، هەر کاتێک ناو وەک بکەر یان بەرکار جێناوی لکاوی بەخشی مۆرفیمی دۆخ وەرناگرێت)، بەڵام لای ئاخێوەران هەنـدێک جاریش لە باری تاکدا لە گەڵ نـاوی تایبەتدا مۆرفیمی دۆخ بۆ نێر(ی) مۆرفیمی دۆخ بۆ مێ (ێ) ولە باری کۆشدا لە گەڵ ناوی گشتیی ناسراویشدا مۆرفیمی دۆخی کـۆی (ا) بەکـاردێنن، بەڵام ئەگەر هـاتوو کـردارەکە لە ڕێـژەی ڕابـردووی بەردەوامـــدا بـــوو، ئەوە مـــۆرفیمی دۆخ بە هـــیچ شـێوەیەک دەرناکەوێت، چـونکە کـرداری ڕابردووی بەردەوام لەڕەگی کـرداری ڕانەبـردووەوە وەردەگیرێـت(محەمەد، ١٩٩٨ : ٨٧)و بکەریش جێناوی لکاو بە کردار دەبەخشێت، لەم کاتەدا تەنیا مۆرفیمی ڕەگەزی مێ (ە)و مۆرفیمی کۆ (ێ) دەردەکەوێت. بڕوانە:(١/أ،ب).

٢- دۆخی بەرکـــاری (Accusative): دۆخی بەرکـــاری لە گەڵ کـــرداری ڕانەبـــردوو و داخـــوازی، یـــان ڕابـــردووی بەردەوامی ئیخباریدا مۆرفیمەکانی دۆخ وەردەگرێت. بە مەرجێک ناوەکان تـایبەتی بـن، یـان گشـتیی نـاسراو بن.(مـحەمەد، ١٩٨٨: ٨٧) بڕوانە:(٢/ا،ب)

٣-دۆخی بەرکـــاری ناڕاســـتەوخۆ (Dative): دۆخی بەرکـــاری ناڕاستەوخۆ، یان دۆخی فرێزی بەند، لەم جێکەوتەدا کرداری ڕستەکە، ڕابردوو یان ڕانەبردوو، یان داخوازی بێت، ناوەکە مۆرفیمی دۆخ هەر وەردەگرێت. بڕوانە:(٣/أ، ب، پ)

٤/ دۆخی دیارخەری(Gentive): ناو لە جێکەوتەی دیارخەری ناودا هەموو کاتێک مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت. هەروەها هەر وەکـو زاری سـەروو لە شـێوەزاری هەورامیشـدا لە یەک کاتـدا مـۆرفیمی دۆخی خستنەسـەرو و مـۆرفیمی دۆخی ناڕاسـتەوخۆ بەپـێی ڕەگەزی نـێرو مێ و کـۆ نـاوی دیـارخراو و دیـارخەر دەردەکەون. بڕوانە: (٤/أ،ب)

| ژ | جێکەوتەی ناو | ڕستەی بۆ ناوی تاکی(نێرومێ) | ڕستە بۆ ناوی کۆی(نێرومێ) |
|---|---|---|---|
| ١ | دۆخی بکەری ڕێزمانی (Nominative):<br>ا/دۆخی بکەری لە گەڵ هەموو ڕێژەکانی کرداری ڕابردووی تێپەڕدا جگە لە ڕابردووی بەردەوام.<br>ب/دۆخی بکەری لەگەڵ کرداری ڕابردووی بەردەوام. | ا/١-کارازان/کارزانی نازادش گێرت.<br>٢-نەسرینە/ نەسرینێ ڕازەش گێرتە.<br>ب/١- نارام هەنار وەرێ.<br>٢- نەسرینە هەنار وەرێ | ا/کوڕەکی/کناچەکی/کوڕەکا/کناچەکا نێمەشا بەردێمێ<br>ب/ کوڕێ /کناچێ هەنار وەرێنێ. |
| ٢ | دۆخی بەرکاری (Accusative)<br>ا/ دۆخی بەرکاری (Accusative) لەگەڵ کرداری ڕانەبردوو و داخوازیدا.<br>ب- دۆخی بەرکاری (Accusative) لەگەڵ کرداری ڕابردووی بەردەوامدا: | ا/١- من پیاکەی /نازادی بەروو.<br>٢- من ژەنەکێ/ نازدارێ بەروو.<br>٣- کتێبو/ شیعرەکێ بوانە.<br>ب/من نازادی/ مریەمێ کیانێنێ. | ا/ کارزان پیاکا/ ژەنەکا بەرۆ.<br>ب/نەسرینە کوڕەکا/ کناچەکا کیانێ. |
| ٣ | دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Dative):<br>ا-کرداری ڕابردوو<br>ب-کرداری ڕانەبردوو<br>پ-کرداری داخوازی | ا- من زەڕم پەی کارزانی / نەشمیلێ کیاست.<br>ب- من زەڕ پەی کارزانی / نەشمیلێ کیانوو.<br>پ- کتیبەکەی پەی کورەکەی بارە. | ا- من زەڕم پەی کوڕا/کناچا کیاست.<br>ب- من زەڕ پەی کوڕا/ کناچا کیانوو.<br>پ-کتیبەکەی پەی کورەکا/کناچەکا بارە. |
| ٤ | دۆخی دیارخەری (Genitive): | ٤- أ- دەفتەرو کارزانی<br>ب- کناچۆ نەسرینێ | ٤- دەفتەرو کوڕەکا/کناچەکا |

**خشتەی ژمارە (٦)**

جیا لەو جێکەوتانەی سەرەوە ناو لە چەند جێکەوتەیەکی تری ڕستەدا(کە بە دۆخی ڕاستەوخۆش ناو دەبرێت) مۆرفیمەکانی دۆخی((ی، ێ، ا)ی لەســـەر دەرناکەوێـــت، بەڵام تەنیـــا مۆرفیمی(ە)بـۆ ڕەگەزی مێ ، مـۆرفیمی (ێ) بـۆ حـاڵەتی (کـۆ) دەردەکەوێـت، هەرچی مـۆرفیمی ڕەگەزی نـێرە(Ø)ە، یـان دەرناکەوێت. کەواتە دەکرێت بڵێین لەم جێکەوتـانەدا تەنیا مـــۆرفیمی ڕەگەز و کـــۆ دەردەکەوێـــت و مـــۆرفیمی دۆخ دەرناکەوێت.( لە باسەکانی دواتردا لەسەر ئەمە دواوین.)واتە مۆرفیمی دۆخ یەکسان نییە بە مۆرفیمی ڕەگەز و مۆرفیمی کۆ. ئەو جێکەوتـــانەش کە مۆرفیمەکـــانی دۆخیـــان لەســـەر دەرناکەوێت.بریتین لە:

١- ناو لە جێکەوتەی بکەری کرداری ڕابردووی تێنەپەڕدا. ٢- نـاو لە جـێکەوتەی بـکەری کـرداری ڕانەبـردوو (تێـپەڕ و تێنەپەڕ)دا. ٣-ناو لە جێکەوتەی بەرکاری کرداری ڕابردوودا ٤-ناو لە جێکەوتەی جێگری بکەردا. ٥-ناو لە جێکەوتەی بکەری کـرداری نـاتەواو بـۆ دەمی ئێسـتاو ڕابـردوو و داهـاتوو. بـڕوانە: خشتەی ژمارە(٧)

| ژ | جێکەوتەی ناو | ڕستە بۆ ناوی تاکی(نێرومێ) | ڕستە بۆ ناوی کۆی(نێرومێ) |
|---|---|---|---|
| ١ | بکەری کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ | ١- ئازاد /شیرینە ناما. | ١- کوڕێ /کناچێ نامێ. |
| ٢ | ا/بکەری کرداری ڕانەبردووی تێپەڕ<br>ب/بکەری کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕ | ا- نارام/شیرینە نان موەرۆ.<br>ب-نارام/شیرینە موسۆ | ٢- کوڕێ /کناچێ موسا. |
| ٣ | بەرکاری هەموو ڕیژەکانی کرداری ڕابردوودا، جگە لە بەرکاری کرداری ڕابردووی بەردەوام.<br>ا- ڕابردووی سادە<br>ب- ڕابردووی نزیک<br>پ- ڕابردووی دوور | ا- من نارامم/شیرینەم بەرد/بەردە.<br>ب- ئێمە نارامم/شیرینەما بەردەن/ بەردێنە.<br>پ-شمە نارامتا/نەسرینەتا بەردەبێ/ بەردێێ | ا-من کوڕێ /کناچێم بەردێ.<br>ب- ئێمە کوڕێ /کناچێما بەردێنێ.<br>پ-شمە کوڕێتا /کناچێتا بەردێێنێ |
| ٤ | بکەری کرداری ناتەواو:<br>ا-ڕانەبردووی ئێستا<br>ب- ڕانەبردووی داهاتوو<br>پ- ڕابردوو | ا- نارام زیرەکا. /شیرینە زیرەکەنە.<br>ب- نارام زیرەك بۆ ./ شیرینە زیرەکە بۆ.<br>پ-نارام زیرەك بێ . /شیرینە زیرەکە بێ. | ا- کوڕێ /کناچێ زیرەکێنێ.<br>ب-کوڕێ /کناچێ زیرەکێ با.<br>پ-کوڕێ /کناچێ زیرەکێ بێنێ. |
| ٥ | جێگری بکەر:<br>ا-کرداری ڕابردوو<br>ب-کرداری ڕانەبردوو | ا- نارام / شیرینە کیانیا.<br>ب-نارام /شیرینە کیانیۆ. | ا- کوڕێ /کناچێ زیرەکێ کیانێن.<br>ب- کوڕێ /کناچێ زیرەکێ کیانیا |

خشتەی ژمارە(٧)

## ٣-١-٢-١)مۆرفیمی دۆخ و جێناوی کەسیی سەربەخۆ:

شێوەزاری هەورامی بە جیاواز لە زاری سەروو خاوەنی یەک دەستە جیناوی سەربەخۆیە، کاتێک جێناوێکی سەربەخۆ لەبری ناوێک لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا دابنرێت ، ئەوە جێناوی کەس سێیەم بۆ تاک و کۆ هەر لە هەمان ئەو جێکەوتانەی کە ناو تێیدا مۆرفیمەکانی دۆخ وەردەگرێت ئەمیش وەریان دەگرێت:( ئاذی –تاکی نێر، ئاذێ تاکی مێ)، بەڵام لە باری کۆدا لە بری (ا) مۆرفیمی (ێشا)وەکو مۆرفیمی کۆی دۆخ بەکاردێت (ئاذێشا - کۆی-نێرومێ)، لەو جێکەوتانەی تریشدا(دۆخی ڕاستەخۆ) هەر وەکو ناو مۆرفیمەکانی دۆخی لەسەر دەرناکەوێت و مۆرفیمەکانی ڕەگەز وەردەگرێت: (ئاذ –تاکی نێر، ئاذە - تاکی مێ، ئاذێ - کۆی-نێرومێ). بڕوانە: خشتەی ژمارە (٨)

| ژ | جێکەوتەی جێناو | ڕستە بۆ ناوی تاکی(نێرومێ) | ڕستە بۆ ناوی کۆی (نێرومێ) | جۆری دۆخ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەرکاری کرداری ڕانەبردووی | من ئاذی / ئاذێ کیانوو. | من ئاذێشا کیانوو. | دۆخی ناڕاستەوخۆ |
| ٢ | بکەری کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ | ئاذ / ئاذە/ ناما. | ئاذێ نامێ. | دۆخی ڕاستەوخۆ |

خشتەی ژمارە (٨)

بەپێی ئەو نموونە و یاسایانەی سەرەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە لە شێوەزاری هەورامیداو لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا مۆرفیمەکانی دۆخ و مۆرفیمەکانی ڕەگەز(ی- نێر، ێ – مێ) هەمان مۆرفیمن، لە یەک کاتدا دەربڕی چەمکی دۆخ و چەمکی ڕەگەزن لە باری تاکدا، هەروەها مۆرفیمی دۆخ (ا))لە باری کۆدا لە هەمان کاتدا دەربڕی چەمکی دۆخ و چەمکی کۆن، واتە مۆرفیمەکانی دۆخ یەکسانە بە مۆرفیمەکانی ڕەگەز و کۆ لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا، بەڵام لە دۆخی ڕاستەوخۆدا مۆرفیمەکانی دۆخ دەرناکەوێت و تەنیا مۆرفیمی ڕەگەزی مێ کە (ە)یە و مۆرفیمی کۆ کە(ێ)یە دەردەکەوێت، هەرچی مۆرفیمی ڕەگەزی نێرە، ئەوە (Ø)ە، واتە لە دۆخی ڕاستەوخۆدا مۆرفیمی ڕەگەز و کۆ یەکسان نییە بە مۆرفیمی دۆخ. شاخەوان جەلال فەرەج لە نامەی ماستەرەکەیدا بۆچوونێکی د. فەرەیدوون عەبدول لەبارەی ئەوەی کە مۆرفیمی (ە)ی بۆ مێ بە مۆرفیمی دۆخ داناوە ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەو پێی وایە ئەمە نیشانەی ڕەگەزە نەک مۆرفیمی دۆخ، خۆ ئەگەر مۆرفیمی دۆخ بوونایە، دەبوو(ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ بووایە،(فەرەج، ٢٠٠٦: ٨٧) بەبێ ئەوەی بەڵگەی زیاتر بهێنێتەوە، ئێمەش ئەو بۆچوونەی شاخەوان جەلال بە گونجاو دەزانین و بەڵگەی زیاتر لەو بارەیەوە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

١- لە زۆربەی زمانەکاندا ڕەگەزی نێر بێ نیشانەیە، ئەمەش دەکرێتە بنەمای ڕەسەنی ئەم ڕەگەزە، هەرچی ڕەگەزی مێیە لە زماندا لە بەرامبەر ڕەگەزی مێدا نیشانەی پێدراوە، بە وێنە لە زمانی عەرەبیدا ڕەگەزی نێر بە بناغەی ڕەگەزی مێ دانراوە.(بڕوانە:١-عمر،١٩٩٦: ٥٩، ٢- برهومة، ٢٠٠٢:٩٤-٩٥). واتە ئەو وشەیەی نێرە پێویستی بە نیشانە نییە، بەڵام ئەو وشەیەی مێیە پێویستی بە نیشانەیە بۆ جیاکردنەوەی لە نێر، ئەمەش پەیوەندی بەلایەنگرییەوە نییە بۆ ڕەگەزی نێر، بەڵکو پەیوەندی بە کورتبڕییەوە هەیە لەزماندا لە زۆرێک لە زمانەکانیشدا بەو شێوەیەیە، بە نموونە لە زمانی ئاوێستادا لە جیاکردنەوەی ڕەگەزی بەشێک لە ناوەکاندا ناوی نێرو بێلایەن هیچ نیشانەیەک وەرناگرن لە بەرامبەر ناوی مێدا. کەواتە ئاساییە لە شێوەزاری هەورامیدا، تەنیا مۆرفیمی ڕەگەزی مێ دەربکەوێت و مۆرفیمی نێر دەرنەکەوێت، هەروەها مۆرفیمی (ە) بۆ ڕەگەزی مێ لە دۆخی ڕاستەوخۆدا تەنیا لەگەڵ ناوی تایبەتی مێدا بەکاردێت، کەواتە مۆرفیمی (ە) تەنیا مۆرفیمی ڕەگەزە و بەکارهێنانەکەیشی- سنوورداره. هەرچی مۆرفیمەکانی دۆخی (ی، ێ) یە بەشێوەیەکی فراوانترو ڕێک و پێکتر لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا بەکاردێن.

٢- مۆرفیمی کۆ لە دۆخی ڕاستەوخۆدا (ێ) یە بە جیاواز لە مۆرفیمی دۆخ لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا کە (ا)ە، لەبەر ئەوەی مۆرفیمی دۆخی (ا)ە لە شێوەزاری هەورامیدا، جگە لە دۆخی ناڕاستەخۆ لە دۆخی خستنەسەرو بانگکردنیشدا وەکو مۆرفیمی کۆی دۆخ بەکاردێت، هەروەها (ا) یان ، (ان) مۆرفیمی کۆی دۆخیشە لە دۆخی ناڕاستەوخۆی زاری سەروویشدا، کەواتە مۆرفیمی (ێ)مۆرفیمی کۆیە نەک مۆرفیمی دۆخ، مۆرفیمی کۆی دۆخ لە دۆخی ڕاستەوخۆدا هەروەکو زاری سەروو دەرناکەوێت.

٣- نزیکایەتی مۆرفیمەکانی دۆخ لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا لە ڕووی فۆرمەوە لە زاری سەروو و ناوەڕاست و شێوەزاری هەورامیدا، بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی مۆرفیمەکانی (Ø - بۆ نێر، ە- بۆ مێ ، ێ- بۆ کۆ) مۆرفیمی ڕەگەز و کۆن نەک مۆرفیمی دۆخ.

| جۆری مۆرفیم | پاشماوەی مۆرفیمەکانی دۆخ لەزاری ناوەڕاست | مۆرفیمەکانی دۆخ لە زاری سەروو | مۆرفیمەکانی دۆخ لەشێوەزاری هەورامی |
|---|---|---|---|
| م. دۆخ بۆ ڕەگەز | ی –نێر<br>ێ –مێ | ی – نێر<br>ێ – مێ | ی –نێر<br>ێ–مێ |
| م. دۆخ بۆ کۆ | ان- کۆ | ان/ا- کۆ | ا- کۆ |

خشتەی ژمارە(٩)

## ٣-١-٣)دۆخی بانگکردن:

ناو لە دۆخی بانگکردندا لە شێوەزاری هەوارمیدا بۆ ڕەگەزی نێر مۆرفیمی (ە)یە، بەڵام مۆرفیمی بانگکردن بۆ ڕەگەزی مێ دەرناکەوێت، چونکە هەموو ئەو ناوانەی بۆ باری بانگکردن لە ڕەگەزی مێ بەکاردێن بە دەنگی بزوێن کۆتاییان دێت. وەك (کناچێ، واڵێ، ژەنی ، مەتی، دێذێ، لالۆژەنی، مامۆژەنی....تاد).(محەمەد، ٢٠٠٨: ١٢٨- ١٢٩) تەنانەت بۆ ناوی نێریش ئەگەر ناوەکە بە دەنگی بزوین کوتای هات، ئەوە

بە هەمـان شـێوە مـۆرفیمی بـانگکردن بـۆ (نـێر) کە (ە)یە، دەرناکەوێت، وەك: (لالۆ، مامۆ، تاتە، مامۆزا، لالۆزا، مەتیەزا ...هتد). هەرچی مۆرفیمی دۆخی بانگکردنە لە باری کۆشدا بۆ هەردوو ڕەگەزەکە بریتییە لە مۆرفیمی (ا). بڕوانە(١/٦،ب).

١/٦- کوڕە / کناچێ ئادەی بنویسە.          ئادەی کوڕە/ کچێ بنووسە.


ب- کـوڕا / کناچـا ئـادەی بەیـدێ.          ئـادەی کوڕینە/کچینە وەرن.

## ٣-٢) مۆرفیمەکـــانی دۆخ وحـــاڵەتی ڕێککەوتـــن لە شێوەزاری هەورامیدا:


زۆرجـار وا ڕێکـدەکەوێت، کە کەرەسـتەیەکی ڕێزمـانی لە ئاستی سینتاکسدا لەگەڵ کەرەستەیەکی تری ڕێزمانیدا بە پێی جێکەوتەکەیـان لە وەرگـرتن یـان وەرنەگـرتنی مۆرفیمەکـانی دۆخـدا ڕێکـدەکەون، بە پـێچەوانەوە هەنـدێك کەرەسـتەی ڕێزمانی لە هەندێك باری سینتاکسیدا لە وەرگرتنی مۆرفیمەکانی دۆخدا تەواو دژیەك دەوەستن.

### ٣-٢-١)ڕێککەوتنی دیارخراو و دیارخەر لە مۆرفیمەکانی دۆخدا:

یەکێك لەو جـۆرە ڕێککەوتنـانەی لە مـۆرفیمی دۆخـدا لەم شـێوەزارەدا بەدیـدەکرێت، ڕێککەوتـنی نێـوان دیـارخراو و دیـارخەرە، لەرووی وەرگـرتنی مـۆرفیمی کـۆی دۆخەوە، بەمەرجێـك نـاوی دیـارخراو کـۆی نەنـاسراو بێـت و دیارخەرەکەیشی ئاوەڵناو بێت. بڕوانە: هێڵکاری (٩،٨،٧ )




جۆرێکی تری ڕێککەوتن ڕێککەوتنی واتایی نێوان ژمارە یان ڕادە و ناوی ژمێراوە لە دۆخی خستنەسەردا، ئەگەر (ژمارە ،یان وشەی ڕادە) بوون بە دیارخەری ناو، ئەوە ژمارەکە یان وشەی ڕادەکە لە ڕووی ژمـــارەوە لەگەڵ نـــاوە دیـــارخراوەکەی (نـــاو ژمێراوەکەی)دا لە ڕووی واتـاییەوە ڕێکـدەکەوێت. واتە کاتێـك نـاوە ژمـێراوەکە تـاك بـوو، نە ژمـارەکە کە (یەك)ەو نە نـاوە ژمێراوەکە مۆرفیمی کۆ وەرناگرن، بەڵام کاتێك ناوە ژمێراوەکە لە ژمارە دوو بۆ سەرەوە بوو، ئەوە تەنیا ناوە ژمێراوەکە مۆرفیمی کـۆ وەردەگرێـت. کە مـۆرفیمی (ێ)یە. بەڵام ئەگەر وشـەی ڕادەکە وەکـو دیـارخەر کەوتە دوای نـاوەکەوە، ئەوا نـاوی دیارخراو و وشـەی ڕادەکەیش لە ڕووی فـۆرم و واتایشـەوە لەگەڵ یەك ڕێکدەکەون. ئەم ڕێککەوتنانەش تەنیا لە مۆرفیمی کـۆدا بەدی دەکرێـت، بەڵام لە بـاری تاکـدا ڕێککەوتـن بەو چەشنە نایەتە ئاراوە، هەرچەنـدە لە دۆخی خستنەسـەردا گەر ناوی دیارخراوی مێ نەناسراو بوو، ئاوەڵناو بوو بە دیارخەری، ئەوە (نـاوی دیـارخراو و ئاوەڵنـاوی دیـارخەر) لە وەرگـرتنی مۆرفیمی ڕەگەزی مێدا نەک مۆرفیمی دۆخ ڕێکدەکەون، بەڵام نـاوی دیـارخراو و ئاوەڵنـاوی دیارخەر هەمـان مـۆرفیمی ڕەگەز وەرناگرن، بەوەی نـاوی دیارخراو مۆرفیمی (ێ) وەردەگرێت و ئاوەڵنـاوی دیـارخەر مـۆرفیمی (ە) وەردەگرێـت، کە دەکرێـت ئەمەش بە نیمچە ڕێککەوتن یان ڕێککەوتنی ناتەواو دابنرێت، بەڵام بۆ ناوی نێر هیچ جۆرە ریککەوتنێك لەم بارەدا دروست نابێت. بڕوانە: هێڵکاری ژمارە (١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥).




### ٣-٢-٢)مۆرفیمەکانی دۆخ و ڕێککەوتنی کەس و ژمارە:

سـەبارەت بە مۆرفیمەکـانی دۆخ و ڕێککەوتـنی کەس و ژمـارە لە کەرەسـتە سـەرەکێکانی ڕسـتەدا، ئەوە لە شـێوەزاری هەورامیدا هەر کاتێک ڕێککەوتنی (بکەر لەگەڵ بەرکار و بەرکار لە گەڵ کردار لە کرداری ڕابردووی تێپەڕدا و بکەر لەگەڵ کردار لە کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ یان ڕانەبردووی تیپەڕو تێنەپەڕ)دا لە ڕووی کەس و ژمارەوە دروست بێت، ئەوە بکەر و بەرکارەکە مـۆرفیمی دۆخ وەرنـاگرن، واتە هەر کاتێـک (بـکەر، بەرکـار) جێناوی لکاویان بە بەرکار، یان بەتایبەتی بە کردار بەخشی، ئەوا مـۆرفیمی دۆخ وەرنـاگرن، بەمەش ڕێککەوتـنی کەس و ژمـارە و مۆرفیمەکانی دۆخ پـێچەوانەی یەکترن، هەروەها کاتێك بکەر مـۆرفیمی دۆخی وەرگـرت، کە (ی)یە بـۆ ڕەگەزی نـێر (ێ)یە بـۆ ڕەگەزی مێ(ا)ە بۆ کۆ، ئەوا بەرکاری ڕستەکە بەهیچ شێوەیەک مۆرفیمی دۆخ وەرناگرێت، پێچەوانەکەیشی ڕاستە، واتە بکەر و بەرکـار لە ڕووی مـــۆرفیمی دۆخەوە پـــێچەوانەی یەکـــترن، هەروەهـا دەکرێـت هەم بکەر و هەم بەرکاریش مـۆرفیمی دۆخ وەرنەگـرن وەک لە کـرداری ڕابـردووی تێـپەڕدا دەردەکەوێـت. بڕوانە:هێڵکاری ژمارە(١٧،١٦)



لە هەمــوو ڕێژەکـانی کـرداری ڕابــردوودا جــگە لە ڕابــردووی بەردەوام، لەیەک کاتـدا دوو جـۆر ڕێککەوتـن لە ڕووی کەس و ژمارەوە دەبینرێت:(١- ڕێککەوتنی بکەر و بەرکار ٢- ڕێککەوتنی بەرکار و کردار)، بەڵام لە ڕابردووی بەردەوامدا تەنیا لە نێـوان بــکەر و کــرداردا ئەو ڕێککەوتــنە دەبینرێــت. بڕوانە:هێڵکـاری ژمارە(١٨)



هێڵکاری ژمارە (١٨)

٤)بەراوردی ڕووی لێکچوون و جیاوازیی مۆرفیمەکانی دۆخ لە نێوان زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا:

زاری ســــەروو و شـــــێوەزاری هەورامی لە ئێســــتادا بەشێوەیەکی گشتی بەراورد بە زارو شێوزارەکانی تر مۆرفیمەکانی دۆخیان زیاتر تێدا ماوەتەوە و بەکاردێت، هەروەها سـەرەڕای بــوونی هەنــدێ جیــاوازی لە فــۆرم و شــێوەی بەکارهێنــانی مۆرفیمەکــانی دۆخ لە نێــوان زاری ســـەروو و شــــێوەزاری هەورامیدا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەندێک بنەمای بنەڕەتی هەن لە بەکارهێنـانی مۆرفیمەکانی دۆخـدا دەمـان گەیـنە ئەو باوەڕەی بڵێین سـەرچاوەی بەکارهێنـانی مۆرفیمەکانی دۆخ لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا زۆر لە یەکەوە نزیکن. لە خوارەوە بەچەند خاڵێک لایەنی جیاوازی و لێکچوونی نێوانیان ڕوون دەکەینەوە.

١-لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیشدا مۆرفیمەکانی دۆخ لەڕووی فـۆرمەوە بەپـێی ڕەگەزی نـێر و مێ و تـاک و کـۆی نـاو تــاڕادەیەکی بــاش لە یەکەوە نــزیکن بەتــایبەت لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠).

| تاک و کۆی ناو | مۆرفیمەکانی دۆخی خستنەسەر | | مۆرفیمەکانی ناڕاستەوخۆ دۆخی | | مۆرفیمەکانی بانگکردن دۆخی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | زاری سەروو | زاری هەورامی | زاری سەروو | زاری هەورامی | زاری سەروو | زاری هەورامی |
| تاکی نێر | ێ | و / ی | ی | ی | ۆ | ە |
| تاکی مێ | ا | ۆ/ ێ | ێ | ێ | ێ | Ø |
| کۆی نێرو مێ | ێن/ێد/ێت | ا/ ێ | ان/ا | ا | نۆ/ینۆ | ا |

خشتەی ژمارە(١٠)

٢- لە زاری ســــەروودا مــــۆرفیمی دۆخی خستنەســــەر گەر دیـارخەرەکەی نـاو بێـت، یـان ئاوەڵنـاو هەر هەمـان مـۆرفیم بەکاردێت، کە (ێ)یە بۆ تاکی نێر، (ا)بۆ تاکی مێ، (ێن، ێد/ێت )بـۆ کـۆی نـێرو مێ، بەڵام لەشـێوەزاری هەورامیـدا، بە گـۆڕانی دیــــارخەر لە نــــاوەوە بــــۆ ئاوەڵنــــاو، ئەوە مــــۆرفیمی خستنەسـەرەکەش لە (و- بۆ نێر، ۆ - بۆ مێ) وە دەگۆڕێت بۆ (ی- بۆ نێر، ێ – بۆ مێ). بڕوانە: خشتەی ژمارە(١)زاری سەروو ، ژمارە (٥)شێوەزار هەورامی.

٣- لە زاری سـەروو و شـێوەزاری هەورامیشـدا مـۆرفیمی دۆخی خستنەسەر لە حاڵەتی تاک و کۆشدا هەمیشە دەربڕی چەمکی نـێر و مێ و کـۆ نـاون، واتە مـۆرفیمی دۆخی خستنەسـەر لەبـری مۆرفیمی ڕەگەز و مۆرفێمی کۆی ناوەکەش هاتووە، بەڵام تەنیا لەیەک حاڵەتــدا لە شــێوەزاری هەوامیــدا مــۆرفیمی دۆخی خستنەسەر دەربڕی چەمکی نێر و مێ و کۆ ناو نییە، ئەویش گەر ناوە دیارخراوەکە لە باری ناسراویدا بێت و ئاوەڵناو ببێت بە دیـارخەری، ئەوە لەم حـاڵەتەدا مـۆرفیمی دۆخی خستنەسـەر (ە)یە و ڕەگەزی نـاوەکەش لەڕێـگەی مـۆرفیمی نـاسراوییەوە پیشان دەدرێت، کە دەچێتە کۆتایی ئاوەڵناوەکەوە، لە حاڵەتی کۆشـدا مـۆرفیمی(ا) دەچێـتە کۆتـایی ئاوەڵنـاوەکەوە. دیسـان بـڕوانە: خشـتەی ژمـارە (١)زاری سـەروو، ژمـارە(٥)شـێوەزاری هەورامی.

٤- لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا مۆرفیمەکانی دۆخی خستنەسـەر جـگە لە ئەرکی بەسـتنەوەی دیـارخراو و دیـارخەر چەند ئەرکێکی تر دەبینن، لەوانە: (١- دیاریکردنی ڕەگەزی ناوی دیارخراو ٢- پیشاندانی تاک و کۆی ناوی دیارخراو ٣- پیشاندانی باری ناسراوی و نەناسراوی ناوی دیارخراو.)

٥- لە زاری ســەروو و شــێوەزاری هەورامیشــدا لەو فرێــزانەی دیــارخراو و دیــارخەریش هەر نــاون، ئەوە مــۆرفیمی دۆخی خستنەســەر بەپــێی ڕەگەزی نـێرو مێ و کـۆی نـاوی دیـارخراو لەسەر ناوی دیارخراو دەردەکەوێت، لە هەمان کاتدا مۆرفیمی دۆخی ناڕاستەوخۆ بەپێی ڕەگەزی نێرو مێ و کۆی ناوی دیارخەر لەسـەر نـاوی دیـارخەر دەردەکەوێت.بڕوانە: خشـتەی ژمـارە (٢)زاری سەروو، ژمارە (٦)شێوەزاری هەورامی.

٦- لە زاری سـەروو و شـێوەزاری هەورامیشـدا نـاو لە چەنـد جــــێکەوتەیەکی ڕســــتەدا مــــۆرفیمی دۆخی ناڕاســــتەوخۆ وەردەگرێـت، بە پـێچەوانەوە لە چەنـد جـێکەوتەیەکی تـری ڕسـتەدا کە بە (دۆخی ڕاسـتەوخۆ)ناسراوە، مۆرفیمەکـانی دۆخ وەرناگرێــــت، بەڵام لە شـــــێوەزاری هەورامیــــــدا لە دۆخی ڕاستەوخۆدا تەنیا مۆرفیمی ڕەگەز بۆ مێ(ە) و مۆرفیمی کۆ (ێ) لەسـەر نـاو دەردەکەوێـت. هەرچی نـاوی ڕەگەزی نـێرە، ئەوە مـــــۆرفیمی ڕەگەزی لەســــــەر دەرناکەوێـــــت. واتە لەم زارو شـێوەزارەدا مۆرفیمەکـانی دۆخ لە دۆخی ناڕاسـتەوخۆدا وەکـو یەک بەکاردێن مۆرفیمەکانی دۆخیش لە یەک کاتدا دەرخەری چەمکی دۆخـن و چەمکی ڕەگەز و چەمکی کـۆن بەپـێی تـاک و کۆی ناوەکان، لە دۆخی ڕاستەوخۆیشدا مۆرفیمەکانی دۆخ لەم زارو شێوەزارەدا دەرناکەون، هەرچەند لە شێوەزاری هەورامیدا مۆرفیمی ڕەگەزی مێ و کۆ دەردەکەوێت. بڕوانە: خشتەی ژمارە (٢, ٣)زاری سەروو، ژمارە (٦، ٧)شێوەزاری هەورامی.

٧- لە بــارەی ڕێککەوتــن یــان ڕێکنەکەوتــنی مۆرفیمەکــانی دۆخیشـەوە زاری ژوورو و شـێوەزاری هەورامی تـاڕادەیەکی بـاش لەیەکەوە نـزیکن، حاڵەتی ڕێککەوتنەکەش سنورداره، بە وێنە لە زاری سـەروودا دیارترین و تەواوترین ڕێککەوتن لەم بوارەدا، ڕێککەوتنی نێوان مـۆرفیمی ئاماژە (ئاوەڵناوی نیشـانە) و ناوی ئاماژە بۆ کراوە لە ڕووی وەرگرتن یان وەرنەگرتنی مۆرفیمی دۆخ بۆ تاکی نێر یان تاکی مێ یان حاڵەتی کۆ لە هەردوو ڕەگەزەکەدا. بەڵام لە شێوەزاری هەورامیدا تەنیا لەیەک باردا مۆرفیمی دۆخ بە تەواوەتی ڕێکدەکەوێت، ئەویش، ڕێککەتنی نێوان دیارخراو و دیـارخەرە لە دۆخی خستەسـەردا، گەر نـاوی دیـارخراو کـۆی نەناسراو بێت و دیارخەرەکەیشی ئاوەڵناو بێت، بڕوانە:هێڵکاری ژمارە(١ ، ٢)زاری سەروو، ژمارە (٧، ٨، ٩) شێوەزاری هەورامی.

بارێکی تری ڕێککەوتن، ڕێککەوتنی نێوان ژمارە یان وشەی ڕادە و ناوی ژمێرراوە لە حاڵەتی کۆدا، کە دەکرێت بە ڕێککەوتنی ناتەواو یان نیمچە ڕێککەوتن ناوزەد بکرێت، چونکە لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیشدا ژمارە یان وشەی ڕادەکە و ناوە ژمێرراوەکە تەنیا لە ڕووی واتاییەوە ڕێکدەکەون نەک لە ڕووی فۆرمەوە، واتە ناوەکە مۆرفیمی کۆ وەردەگرێت، بەڵام ژمارەکە مۆرفیمی کۆ وەرناگرێت. هەرچەندە لەشێوەزاری هەورامیدا، گەر وشەی ڕادە بکەوێتە دوای ناوەکەوە، ئەوە هەم ناوەکە و هەم وشەی ڕادەکەش مۆرفیمی کۆ وەردەگرن. بڕوانە: هێڵکاری ژمارە (٣، ٤) زاری سەروو، ژمارە(١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥)شێوەزاری هەورامی.

٨- لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیشدا ڕێککەوتنی کەس و ژمارە لە نێوان کەرەستەکان و مۆرفیمەکانی دۆخ تەواو دژ دەوەستن، هەر کاتێک ناو (بکەر، بەرکار)لە کەس و ژمارەدا لە گەڵ کردار ڕێکبکەوێت، ئەوە ناوەکە مۆرفیمی دۆخ وەرناگرێت، پێچەوانەکەیشی. ڕاستە، هەروەها لە زاری سەروو و شێوەزاری هەوراميدا بکەر و بەرکاریش لە وەرگرتنی مۆرفیمەکانی دۆخدا دیسان دژ دەوەستن، واتە ناکرێت لە یەک کاتدا هەم بکەر و هەم بەرکاریش مۆرفیمەکانی دۆخ وەربگرن. بڕوانە: هێڵکاری ژمارە(٥، ٦) زاری سەروو، ژمارە(١٦، ١٧، ١٨)شێوەزاری هەورامی.

٩- دەستنیشان کردنی ڕەگەزی ناو لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیشدا لە چوارچێوەی ڕستەسازیدا دەبێت و لە ڕێگەی مۆرفیمەکانی دۆخەوە دیاری دەکرێن، کورتترین ڕێگاش بۆ دیاری کردنی ڕەگەزی ناو لە زاری سەروودا، دانانی ناوە لە جێکەوتەی دیارخراودا، ناوەکە مۆرفیمی (ێ)ی وەرگرت نێرە و (ا)ی وەرگرت مێیە ، بەڵام لە شێوەزاری هەورامیدا ئاسانترین ڕێگە بۆ ئەو مەبەستە پێدانی مۆرفیمی ناسراوییە بە ناوەکە، ناوەکە مۆرفیمی(ەکە)ی وەرگرت نێرە و (ەکێ)ی مێیە, بەڵام هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا دانانی ناوەکان بە ڕەگەزی نێر یان مێ لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا مەرج نییە چوون یەک بن. لەم خشتەی خوارەوەدا چەند کۆمەڵە ناوێک بەنموونە وەرگیراون. بڕوانە: خشتەی ژمارە(١١)

| ژ | ناو | جۆری ڕەگەز لە زاری سەروودا | جۆری ڕەگەز لە شێوەزاری هەورامیدا |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەندامەکانی لەش:<br>ا/ سەر،گوێ،ددان، سنگ، زمان، دەم، چەناگە، مل | نێر | نێر |
| | ب/خوێن، ناوک، گەدە | مێ | مێ |
| | پ/ دەست، پشت، چاو ، گەردن، سک | مێ | نێر |
| ٢ | میوەکان:<br>ا/ سێو، قەیسی، قۆخ، گوێژ، هەرمێ | مێ | مێ |
| | ب/ هەنار، خەیار ،پرتەقاڵ، شووتی، هەنجیر | مێ | نێر |
| | پ/ ترێ | نێر | مێ |
| ٣ | کەرەستەی قوتابخانە:<br>ا/قەڵەم، مرەکەب، پاندان،تەختەڕەش | نێر | نێر |
| | ب/دفتەر، کتێب،تەباشیر، قەڵەم دادەر ،پۆل، کتێبخانە، کورسی | مێ | نێر |
| | پ/ مێز | نێر | مێ |
| ٤ | ناوی دیاردە سروشتییەکان:<br>ا/با ، ڕەشەبا، ئاسمان ،زەوی، ڕۆژ، شاخ، ڕۆژ | نێر | نێر |
| | ب/، تەرزە، تەمەشێ، بەفر، بەرد، خوڵ، مانگ، بەرد، ئاو | مێ | نێر |
| | پ/ باران، هەورەگرمە | مێ | نێر |
| ٥ | ناوی کەرەستەی ناوماڵ و جل و بەرگ:<br>ا/ دەرگا، گسک، تەختە، پەرداخ ، کراس، بەستەک، بیجامە، ڕانک و چۆخە | نێر | نێر |
| | ب/چەقۆ، سەرین، داس، خاکەناز | مێ | مێ |
| | پ/ کڵاو، پانتۆڵ، بالیف، فەرش | نێر | مێ |
| ٦ | چاوگ و ناوی مەعنەوی | مێ | نێر |

خشتەی ژمارە (١١)

## ئەنجام

١- تایبەتمەندی و شوێن و بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی دۆخ لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا تارادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن، تەنانەت لەهەندێک باردا لە ڕووی فۆرمیشەوە وەک یەکن، یان زۆر لەیەکەوە دوور نیین بەشێوەیەک، کە دەمانگەیینە ئەو باوەڕەی بڵێین ئەم زارو شێوەزارە بەتەواوەتی سەر بەیەک زمانن، کە ئەویش زمانی کوردییە.

٢- لە ئەنجامی بەراورد کردنی خشتەو هێڵکاری و یاسا بەدەستهاتووەکان لەم توێژینەوەیەدا لە زاری سەروو شێوزاری هەورامیدا حاڵەتەکانی دۆخ لە ئاستی ڕستەسازی و ئەرک و بەکارهێنانی ڕستەسازیدا لە بارەی بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی دۆخەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم زارو شێوەزارە لە ڕووی جێکەوتە و شوێنی مۆرفیمەکانی دۆخەوە زۆر لەیەکەوە نزیکن.

٣- لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیشدا مۆرفیمەکانی دۆخ و ڕێککەوتنی و کەس و ژمارەی کەرەستە سەرەکێکانی ڕستە لە ڕووی شوێنەوە پێچەوانەی یەکترن، لە هەردووکیشیاندا بوونی ڕێککەوتنی کەرەستەکان لە وەرگرتنی مۆرفیمەکانی دۆخدا سنووردارە.

٤- سەرەڕای نزیکایەتی لە مۆرفیمەکانی دۆخ و حاڵەتەکانی دۆخدا، هەست بە هەندێک تایبەتی و جیاوازی هەر یەک لە زاری سەروو و شێوزاری هەورامی دەکەین، بە وێنە ناو لە زاری سەروودا و لە دۆخی خستنەسەردا دیارخەرەکەی ناو بێت یان ئاوەڵناو هەر هەمان مۆرفیمی خستنەسەر بەکاردێت، بەڵام لە شێوەزاری هەورامیدا دیارخەرەکەی ناو بێت مۆرفیمێکی خستنەسەر بەکاردێت و دیارخەرەکەی ئاوەڵناو بێت مۆرفیمێکی جیاوازتر بەکاردێت.

٥- مۆرفیمی دۆخ بۆ حاڵەتی کۆ لە زاری سەروودا یەک مۆرفیمە، کە ئەویش (ان) یان (ا)ە، کە کورتکراوەی (ان)ەکەیەو تەنیا لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا بەکاردێت، هەرچی مۆرفیمی دۆخە بۆ حاڵەتی کۆ لە شێوەزاری هەورامیدا مۆرفیمی (ا)ە، بەڵام لە هەر سێ دۆخە ڕێزمانییەکەدا(خستنەسەر، ناڕاستەوخۆ، بانگکردن)دا بەکاردێت، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ڕەسەنایەتی مۆرفیمی (ا) لەم شێوەزارەدا، کە سەرچاوەکەی مۆرفیمی (ان)ە لە زمانی کوردیدا، ئەمە جگە لەوەی لە شێوەزاری هەورامیدا مۆرفیمی کۆی(ێ) بۆ کۆکردنەوەی ناو بەکاردێت لەو جێکەوتانەی کە مۆرفیمی دۆخیان تێدا بەکارنایەت.

٦- دیاریکردنی ڕەگەزی ناوەکان لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامیدا دەگەڕێتەوە بۆ دونیا بینی ئاخێوەرانی ئەو زارو و

شێوەزارە، بە وێنە دەکرێت ناوێک لە زاری سەروو و شێوەزاری هەورامێـــدا بە ڕەگەزی(نـــێر) دابنرێـــت، یـــان بە ڕەگەزی مێ دابنرێت، یان پێچەوانەی یەکتر دابنرێن.

٧- لە زاری ســـــەروو و شـــــێوەزاری هەورامیشـــــدا لە هەر جێکەوتەیەکـــدا مـــۆرفێمی دۆخ بەکارهـــات، ئەوە دەرخەری چەمــکی ڕەگەزی (نــێر و مێ)یە لە حــاڵەتی تاکــدا و دەرخەری چەمکی کۆیە لە حاڵەتی کۆدا.

## سەرچاوەکان


١- ئامێدی، سادق بهاء الدین (١٩٨٧)، ڕێزمانا کوردی (کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری) ، بەغداد .

٢- ئەمـین ، وریـا عـومەر(٢٠٠٤) ، چەنـد ئاسـۆیەکی تـری زمـانەوانی ، بەرگی یەکەم، هەولێر.

٣- بـاتینی، مـحەمەد ڕەزا (١٩٩٣)،ئـاوڕێکی تـازە بـۆ سـەر زمـان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەسەنی قازی، سوید.

٤- توفیق، قەیس کاکل (٢٠٢٠)، زمان و ئاین، بەشی یەکەم، چاپخانەی ماد، دهۆک.

٥- حســـەین، ئـــازاد ئەحـــمەد (٢٠٠٩)، سینتاکسی_کـــرداری لێکـــدراو لە شـێوەزاری هەورامیـدا، چاپخـانەی یـاد، بلاوكـراوەی مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیری هەورامان.

٦- ســـەعید، یوســف شـــەریف (٢٠٠٩)، دۆخەکـانی ژێـرەوە لای فیلمـۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٧-سـلێمان، ڤـیان حـاجی (٢٠٠٩)،کەرەسـتە بەتاڵەکان لە ڕوانـگەی تـیۆری دەسەڵات و بەستنەوەوە، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیایی کوردی، هەولێر.

٨-قـادر، ئەبـوبکر عـومەر (٢٠١٧)، شرۆڤەکـردنی ڕسـتەی زمـانی کـوردی لە ڕوانگەی دەسەڵات و بەستنەوەدا، مجلة جامعة التنمية البشرية، المجلد٣، العدد٤، سلێمانی.

٩- قـادر، ســباح ڕەشــید (٢٠٠٩)، هەنــدێك لایەنی ڕێزمـــانی دەســـەڵات و بەسـتنەوە (GB) لە زمـانی کوردیـدا، نـامەی دکتـۆرا، کـولێژی زمـان، زانکـۆی سلێمانی.

١٠- مارف، ئەورەحمانی حاجی (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی (مۆرفۆلۆجی) بەشی یەکەم - ناو- بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، دەستەی کورد، بەغداد.

١١- مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی،دەزگای چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم،هەولێر.

١٢- ئەحمەد، مزگێن عبدالرحمن (٢٠٠٦)، دۆخی ئێرگەتیف لە زمانی کوردیدا – کرمانجی سەروو، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

١٣- فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠٠٦)، ناو لە شێوەزاری هەورامیدا،نامەی ماستەر،کۆلێجی زمان،زانکۆی سلێمانی.

١٤- قـادر، تـارا محســن (٢٠٠٤)، جێنـاو لە کرمـانجی ناوەڕاسـتدا، نـامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٥- قـــادر، شـــێرکۆ حەمەامـــین (٢٠٠٢)، مـــۆرفیمە بەنـــدە لێکســـیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٦-قـادر، عـادل رشـید (٢٠٠١)، تـوخم لە زمـانی کوردیـدا، نـامەی ماسـتەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٧- مـحەمەد، ڕۆکان عەبـدوڵا(٢٠٠٨)، مۆرفیمەکانی کۆ لە زمـانی کوردیـدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

١٨- مـحەمەد، فەرەیـدوون عەبـدوول (١٩٩٨)،چەنـد لایەنـێکی ڕستەسـازی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا ،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

١٩- السـعران، محمـود (٢٠٠٨)، علـم اللغـة مقدمـة للقـارئ العـربي، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان.

٢٠- الشربيوني ، عيسى بـن عـودة (٢٠٠١)، المؤنـث المجـازي ومشـكلات التعقيد، حوليات الآداب والعلوم الاجتماعية الحولية الحادية والعشرون، الرسالة السادسة والخمسون بعد المئة، جامعة الكويت، مجلس النشر العالمي.

٢١- انيس، إبراهيم (١٩٧٨)، من أسرار اللغة، (ط٦، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.

٢٢- برهومة, عيسى (٢٠٠٢)، اللغة والجنس، دار الشروق، عمان.

٢٣- جومسـكي، نعـوم (١٩٨٥)، جوانـب مـن نظريـة النحـو، ترجمـة: بـاقر مرتضى جواد، جامعة البصرة.

٢٤- زكريـا، ميشـال (١٩٨٣)، الالسـنية(علم اللغـة الحـديث) المبـادئ والاعلام، المؤسسة الجامعيةللدراسات و النشر و التوزيع،بيروت، لبنان.

٢٥- فنـدريس, ج (١٩٥٠)، اللغـة، ترجمـة: عبدالحميـد الـدواخلي، محمد القصاص، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

٢٦- عمـايرة، إسـماعيل (٢٠٠٣)، دراسـات لغويـة مقارنـة، دار وائـل للنشر عمان، الأردن.

٢٧- عمر. احمد مختار (١٩٩٦), اللغة واختلاف الجنسين, الطبعة الاولى, مكتبة لسان العرب, القاهرة.

٢٨- طليمـات، غـازى مختـار (٢٠٠٧)، في علـم اللغـة، الطبعـة الثالثـة، دار طلاس للدراسات و الترجمة والنشر، دمشق.

29- Bloomfeild،(1962) ،Language، London.

30- Crystal، D.(1992) ,Adictionary of Linguistics and Phonetics،Black well:Oxford.